# سیمبۆلیزەکردنی کولتوری ئایدیالی تویژینەوەیەکی سۆسیۆشارستانیە

ل. ت/ ستار باقی کریم

بەردەوام پیرۆزکردن بۆ هەر مەبەستێك و هەر شتێك بێت،ئەوا جۆرێك لە سەرامەی فیکری و ئەقیدی لە منداڵدانی خۆیدا هەڵدەگرێ و بەردەوام لە رێگەی پرۆسەیەکی مەعریفیەوە هزرێك دەسەپێنێتە سەر مرۆڤەکان.لەو کاتەش دەستوری یاساغ کردن و تابوکردنی هەندێ لەو بوونانەی نێو واقیعی کۆمەڵگە بە پۆزەتیف و نێگەتیڤەکانەوە بۆ سەرجەم دانیشتوان و هاولاتیانی نێو کۆمەڵگە دێنێتەواری پیادەکردن, بە دڵنیاییەوە بێ ئەندازەیی شتەکان لە رووی پیرۆزی و بەرز راگرتنیان لەو ئاستەی قسەکردن لەبارەیانەوە تاسەر نابێ؟ چونکە وێرای گۆڕان و هاتنە کایەی نەوەی نوێ ,ئەوا لە هەمان کاتیشدا, ئەم پیرۆزییە لەگەڵ بونێکی تردا جێگۆرکێ دەکات، کە دەشێ هەر دوو پێکهاتەی (مادی و ئایدیالی) بێت,لە ژێرهەمان ناو, بەلاّم بۆ هەمان بابەت و ماتەر نا. ئەوە سەرەڕای کەم بونەوەو رۆتینی بوونی بەکارهێنانی لەواری پرکتیکیدا. کاتێ سەیری کۆمەڵگا رۆژهەلاّتیەکان بەگشتی دەکەین بەتایبەتی کوردستان, ئەوانەی نکۆڵی لەو پایەبەرزەی (مزگەوت) وەك دەزگایەکی پەخشی ئایینی یا جێگرەوەیەکی قوتابخانە لە دوێنێی ئەم کۆمەڵگەیە ناکرێت.

واتەلە دوێنێ (مزگەوت) سەنتەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك بوو لە لایەن ئایینی و فێرکردنی (الف و بێ )ی پێویست. ناشێ ئەوە لە یاد بکەین، کە زۆرێك لە دەرچووانی حوجرەو تەکیە، دواتر بوون بەشاعیر و نوسەری ناودار، بەلاّم ئەوەیان لە رووی تەسەوف و خوداگەرایییەوە مەعریفەی ئایینی بوون، نەوەکو زانستی سەردەم. واتە ئەو بۆشایەی نێو کۆمەڵگا لەلایەن (مەلا) یان (پیاوانی ئایینی) ئەوکات قۆسترابۆوە بۆجێگرتنەوەی(قوتابخانە)، بەلاّم لە رووی ئایدۆلۆژیای ئایینیەوە, هەڵبەت ئەوساش هەموو کەسێك نەی دەتوانی لەم نێوەندانەدا (حوجرەو تەکیەو مزگەوت) وەکو خەڵکانێکی دەست رۆیشتوو و پارەدار بخوێنێت. بێگومان بۆ ئەوەشیان هۆکار زۆرە, لێرەدا دەکرێ

شارێکی وەکو (هەولێر) بە نمونە بهێنینەوە کە رێژەی مزگەوتی تیادا لە چاو (دهۆك و سلیمانی) گەلێك بەرزترە.بۆ ئەوەشیان هۆکاری زۆری لەپاڵدا هەیە, هەڵبەت لە جارانێك وەکو ڤیستێل دەڵێ: (ئایین پێکهێنەرێکی سەرەکی بوو بۆ دروست بوونی شار)[1] .واتە دەبووە مەڵبەندێکی نیشتەجێ بوون و فەرمانداریەتێکی تەواو یا نیمچە خوادیی ،کە دەکرا لە رێگای مەلا یان شیخ یا سەید یا سەرۆك خێڵ وئاغایەك بەرێوەبردرایە. لەم شارە (هەولێر) (بۆ یەکەم جار مزگەوت لە ساڵی 1719 لەسەر قەلآو بە رووبەری 1250م[2] بنیاتنرا)[2] کاتێکیش مێژووییانە دەروانینە نمونەی شارێکی وەکو هەولێر ئەوا هزری ئەم دێرینیەتەمان لەلا گەلآڵە دەبێ کە پێویستە شرۆڤەو لێکدانەوەیەکی هاوواتاو بگرەکاریگەرتریش لە هەندێ فاکتەری تری بۆ بکەین, چونکە (ئەم شارە لەسەر چاوەی ئاشوری و بابلییەکاندا بەشێوەی (ئەربائیلۆ) کەواتەی (چوار خوا) دەدات هاتووە)[3] دەکرێ فاکتەرێکی سەرەکی بەعەینەکردنی هەولێر بۆ ئەو سیمبۆلیزەکردنی ئایدیالیە، خۆی لەم هۆکارە دێرینەی و رەنگدانەوەی لە ئێستای بەدی بکەین؟ چونکە وێرای هۆکاری ئایینی لە دروست بوون و گەشەسەندنی شار، ئەوا خودی مزگەوتیش کە دروست کرا بۆ سەنتەر کردنی موسڵمانان لەیەك شوێن بووە, هەروەها پیشاندانی دروشمێکی ئایینی ئیسلام تابوونی ئایینی دیاریکراو و مەبەست لەم شار یا گەڕەك یا ناوچەیە دیاری بکرێت, ئەوە سەرەرای ئەوەی کە بوونی مزگەوت لە خۆیدا بۆ نوێژ تیاکردنە؟ چونکە (نوێژکردن بە گروپ ،رۆحی تاکەکان بەهێز دەکات, باوەر بە خۆبوون و ئاواتەکانیان زیاد دەکات لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی رووبەروویان دەبێتەوە, ئەوەش سەرەڕای ئەوەی رەفتاری دەستەجەمعی لەنێوان موسڵمانان لە مزگەوت یا پەرستگە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر بەهێز دەکات)[4] , ئەوە سەرەڕای ئەو پەخشە ئایینیەی رۆژانە دەیدات. کاتێ سەیری شارێکی وەکو هەولێر دەکەین، ئەوا دەبینین رێژەی مزگەوتی تێدا گەلێك بەرزەو دەگات (216) مزگەوت کە بەگوێرەی ئاستی هۆشیاری و پلەو پایە و بڕوانامە و ئاستی خوێندنیان دابەش کراوە, بۆ نموونە لە گەڕەکە میللییەکان رێژەی گەلێك پترە لەچاو گەڕەکەکانی تر, بەتەنها لە گەڕێکی وەکو "رزگاری" نزیکەی (12 مزگەوت و لە باداوەش 12 مزگەوت و لە سێتاقان 16 و لە تەیراوەش 11 مزگەوت)[5] هەیە. گومانی ناوێت کەوەك سروشتێکی ئاسایی بەردەوام رێژەی منداڵ بوون لەم

گەڕەكە میللی‌یانە زۆرترە لەچاو ئاستی منداڵ بوون لەگەڕەكانی تر، ئەوەش واتای ئەوە دەدات كە پێویستی بوونی قوتابخانە گەلێك گرنگترە لەبەرامبەر ئەو ڕێژە بەرزەی مزگەوت, چونكە ئەم گەڕەكانە قوتابخانەكانیان بەدەست زۆری قوتابی و كەمی قوتابخانەو ناوەندیەكان دەناڵێنن, بۆ نموونە تەنها لە گەڕەكی كوران( 6 ) قوتابخانەی سەرەتایی هەیە, ڕەنگە لەگەڕەكەكانی تر بۆ نموونە "تەعجیل( 7 )مزگەوتی هەیە, (بەلاَم هەر لەم گەڕەكە تەنها یەك قوتابخانەی "ئیبن خەلەكانی"ی تیایە, ناشێ ئەوەش لەیادبكەین كە یەكەمین قوتابخانە لەم شارەی هەولێر لە ساڵی 1926 دروستكرا بەناوی "قوتابخانەی راهێنانی ئێستا"[6], واتە دوای( 207) ساڵ لەسەر دابینكردن و بگرە خوێندن لە مزگەوت ئینجا یەكەم قوتابخانە لەهەولێر دروستكرا, واتە چەندان نەوە بەم شێوە تەلقین دران, دەشێ لێرەدا بپرسین ئەگەر جارانێك خەلكی منداڵەكانیان لەتەكیە و حوجرەی مزگەوتەكان فێری خویندن دەكرد, بۆچی ئێستا ئەم دیاردەیە باوی نەماوەو یا بە دیاردە ناكرێتەوە؟بێگومان ئەوە واتای ئەوە دەدات كە جاران مزگەوت و تەكیەو حوجرە لەبری قوتابخانە بەكاردەبران, سەرەرای ساویلكەیی‌خەلكی ئەوكات،كە بە گوناح و تەحریم كردنی كچ بەتایبەت بۆخوێندنی هەر دوو ڕەگەز بەگشتی بۆ خوێندن لە قوتابخانەكان سەیر دەكران وكاریان بۆی دەكرد, ئەوەش ئەوكات تەنها بۆ مەبەستی گەرمتر كردن و هێشتنەوەی بەم شێوەی بازاری مەلاكان لەحاڵی باشیان لە ئەوسای كەمزانی و ساویلكەیی خەڵكە كاڵفامەكان دەبینیەوە, ئەگینا ئەگەر خودی خەڵكی ئێستا وەكو جاران باوەڕ و پرنسیپیان بەم شێوەی مزگەوت وەك لەجاران هەبوایە, ئەوا ئایا بۆچی خودی ئەم خەڵكانە لەئێستا منالەكانیان لەبری ناردنە مزگەوت دەنێرنە قوتابخانەكان؟ من لێرەدا پێم وایە لەوساوە خەڵكی چەندان نەوەیان جێهێشتووە, ئەوەی وەكو كولتوریش مابێتەوە كە تائێستا زیندووەو بەكاردەبرێت (مزگەوت)ە, بەلاَم شێوازی گوێ بیست بوونی گوتارەكان و پراكتیزە نەكردنی بڕێكی زۆر كەم لەم پرنسیپانە نەبێت بەڕێك و راستی پیادە ناكرێن, ئەگینا بۆ ناكرێت مزگەوت و قوتابخانە وەك یەك سەیر بكرێن, لەكاتێكدا لەهەردووكیان دەكرێ خودناسی و باوەڕی ئایینی تیا بلاَو بكرێتەوە بێ جیاوازی. (كێشەی خەڵكی شار ئەوەیە كە ئەوان ڕێز لە گوتارە ئایینیەكان دەگرن, بەلاَم ناتوانن باوەڕ ونموونە بالاَكانی جێبەجێبكەن)[7].من پێم وایە، ئەم دیاردەیە بەتەنها لەلای خەڵكی شار بەدی ناكرێ بەقەد ئەوەی

لەهــەموو عێــراق بەگــشتی، بەشــار و گوندیەوە و بەتایبـەتیش کوردسـتان, کـە جۆرێـك لـەدوو فـاقی کەسـایەتیان تیـا بەدی دەکریَ, بەمەش گوتارە ئاینیەکان زۆر رووکەشـانە پـەیرِەو دەکەن،ئـەگینا جیـاوازی چـیە لەلایـەنی پـەروەردەو قوتابخانە،کـە بـە بـەردەوامی نەوەیـەکی نویَ زیاتر گۆش دەکاتن, بەرامبـەر ئـەوە ئەگەرچـی مزگـەوت بـۆ هـەموو لایـەك دەرگەی والأیە, بەلأم زیاتر پیاوانی پیر و بەتەمــەن رووی تێدەکــەن, ئەگەرچــی زیــاتر بــەناوی "ئــایین" کــاتی تیــا بەسەردەبەن, ئەوکەسانە (تـەنها لایـەنی عەقیــــدی و خــــودا پەرســــتیيان لەئاینەکەیانـدا گرتـووە, بـەلأم لایەنـە کۆمەلأیەتییەکە, ئەوەی پێغەمبەر بۆی تێدەکۆشا, هیچی بۆ زیادناکەن و ناچنە ناویــەوە, بــەلکو هــەر بــەتۆمارکراوی دەمێنێتەوەوخـەلکیش بـیَ ئـەوەی کـاری پـیَ بکـات بـۆی دەخوێنرێتـەوە)[8], لـەم توێژینــــەوە کورتــــەم نــــاتوانم بــــاس لـەگوتاری ئـایینی بکـەم, ئـەگینا لـەکام گوتاری هەینی یا هەر بۆنەیەکی تر باس لــەرۆلَ و پەیوەنــدی نێــوان قوتــابی و مامۆستا و قوتابخانە یـاخود پـەروەردە و زانکـۆ کـراوە, یـا داواکـراوە وەکـو خـەلك بەردەوام لەهاوکاریوپەیوەندی بەردەوام دابن لەگەلَ ستافی پەروەردەو قوتابخانە, بــەهۆی چــیە قوتابخانــەی گەرِەکــە میللیيــەکان زۆر خێراتــر دائەتــەپیَ و کــەل و پەلەکانیــشیان دەشــکێنرێت و دەشێوێنرێت, ئایا گـەورەکان پێویستیان بـەو ئامۆژگارییـە ئەقیدییـە دووبارانـەی دەم گوتــاری مزگەوتەکانــە, یــا دەشــیَ لەرێگــەی باوانەکانیانــەوە لەمزگــەوت بەشــــێوەیەکی هاوچــــەرخ پرســــی قوتابخانــەو هاوکــاری لەگــەلَ ســتافی بــەرِێوەبردن بــاس بکــرێن و بکرێنــە بابـەتێکی ئـایینی کۆمەلأیـەتی گوتـاری رۆژێـك لـەرۆژانی هـەینی.گومـانی نـاویَ خـەلکانی ئێمـە بـەردەوام لایـەنی ئاینیـە ئەگەر بەواتا ستاندەرەکەی بەکاربهێنین, ئــــەگینا ئــــایین لەخۆیــــدا فــــرە رەهەنـدەو،دەکریَ زۆربـەی شـتەکانی لیَ هەلبهێنجرێت, دیارە ئەوانـەش لەلایـەنی بەکۆمەلأیــەتی کردنــی ئــایین هەنــدیَ ســست و وشکن،ئەگینا کـاتیَ مزگـەوتێك دروست دەکرێت وێرِای ئـەوەی وەزارەتـی ئەوقاف وەك هەنگاوێکی یاسای کـاری بـۆ دەکـات ئـەوا وەك خێرکـردن و لـەخوا نزیـك بوونـەوەش خـەلکی گـەرِەك یـا دەڤەرەکـە دەسـت دەکـەن بـە کۆمـەك کۆکردنـەوەو هاوکـاری کردنـی "مـەلا"ی مزگـەوت و دابـین کردنـی پێکهاتـەکانی تری مزگـەوت وەکـو "قەنەفـە, فـەرش و فێنککـەرەوە...) ئـەوە سـەرەرِای پرسـی خێرکردن،بــەلأم لەهــــەمان کاتیــــشدا جۆرێـك لـەکاری دونیـای پێوەدیارە،کـە مرۆڤەکان وەك بونێکی غەریزی حەز بە بوونی شوێن دەستیان دەکەن لەهەر کارو

کردەوەیەك ،بۆیەش مزگەوت بەناوی خۆیان دەكەن، یا بەناوی خۆیان كەل و پەلی بۆ دەكڕن و هاوكاری "مەلاكان"دەكەن, ئایا ئەم دابینكردنانە تا ئێستا بۆ هیچ قوتابخانەیەك لەلای هیچ كەسێك لەم شارە كراوە, لەكاتێكدا قوتابخانە بەردەوام دەزگایەكی بەرهەمهێنەری سەبجێكتیفیە, بەلاّم ئایا مزگەوت لەسەردەمی ئێستادا،توانیویەتی جێگەی قوتابخانە پڕبكاتەوە بۆ فێركردنی خەڵك لەلایەنی خوێندن. ئەگەر بكرێ بپرسین ئایا لە ئێستا یاخود لەداهاتوو ململانێ لەنێوان قوتابخانەو مزگەوت لەلای ئێمەش دروست نەبێ؟ لەكاتێكدا لە قوتابخانە و بگرە هەندێ كۆلێژیش سەرجەم وانە ئایینیەكان دەخوێنرێ. ئەگەر ململانێ یاخود بەتەنگەوە نەهاتنی خەڵك نییە بۆ قوتابخانە وەك ئەوەی بۆ مزگەوت هەیە،ئەوە ئایا هەڵسان بەنۆژەن یا ڕێكخستنەوەی كەل وپەلە شكاوەكانی قوتابخانەیەك واتای چی دەدات؟

سەرچاوەكان


1.الحسن. د.احسان محمد الحسن, موسوعة علم الاجتماع, ص423.

2.بەرزنجی, شێخ عمر لەتیف بەرزنجی, مزگەوت و تەكیەكانی شاری هەولێر ص 13.

3.باقر, طه باقر وفواد صقر, المرشد الى موطن الاثار والحضارة, الرحلة الخامسة. ص3

4.الوردي.د.علی الوردی, دراسة في طبيعة المجتمع العراقی , ص294.

5.هەمان سەرچاوەی (2) ص325.

6.دەرگەڵەیی, یوسف محمد دەرگەڵەیی, مێژووی شاری هەولێر, ص127.

7.هەمان سەرچاوەی (4)325

8.هەمان سەرچاوەی (4) ص6




**ئەهریمەن لەدەرونشیكاریدا**
**جۆج تەرابیشی**
**و: ستار باقی كەریم**

# کەسایەتی پەرت بوو لەروانگەی (جانیە)

**یوسف عوسمان حەمەد**
پسپۆری دەروونزانی

(بیر جانیە) لە زنجیرە وتارێك لە کۆلیژی زانیاری زانکۆی هارفرد لەبەرامبەر کۆمەڵێك گەنجی ئەم کۆلیژە وتار دەدات لەسەرئەوەی بەشێك لە کەسایەتی گەنج کۆنترۆڵی کەسایەتی سەرەکی دەکات لەناو کۆمەڵگا. بەواتایەکی تر کەسایەتی ناوەوە پەرتەوازەو بەشی کەسایەتی دەرەوەو کۆکراوەیە. گەنجەکان لەنێوان دوو ڕەهەندی پەرتەوازەییو سەنتەری دەژین. جانیە (1859-1947) کە سەردەستەی توێژینەوەی دووفاقی کەسایەتییە لەخودی گەنج، کە زۆرجار بەپەرتەوازەیی هزر ناو دەبرێت. یاخود حالەتی خەواندنی موگناتیسیو نەمانی بیردانو عسابی هستریا ئەمانە حاڵەتێکن لەنێوان هەردوو ڕەهەندەکە دەردەکەون. حاڵەتێکی تر لەتەمەنی گەنج ڕوودەدات هەروەکو سایکۆلۆژستەکان لەگەڵ (جانیە) پێی دەڵێن شلەژانی بیردان یاخود وەهمی بیرکردنەوە، کە (هنتر) لەتوێژینەوەکەیدا حاڵەتێك لەحاڵەتەکانی زیندە خەونی داناوە ئەو کاتە دەگرێتەوە لەبواری مەعریفەی تاکدا کە ژیانی خۆی لەسەر زیندە خەونەکان دروست دەکات کە هەرخۆی لەم کایە مەعریفەیە وەهمیەدا یاساو ڕێسای تایبەتی دروست دەکات، وەهمی تاك لەو سنوورە زیاتر دەبێت کە خەونێکی ئاسایی گەنج بێت ئەویش داگیرکردنو دروستکردنی پایەی کۆمەڵایەتییە بەبێ واقعی بوون، کە ئەمەش لەڕووی دەروونزانییەوە کەسایەتی پەرتەوازە دروست دەکات کە دوور دەبێت لە گۆڕانی کۆمەڵگاو ئەکتیف کردنی بوارەکانی مەعریفەی خۆی بۆ ئایندە وەکو کەسێکی ئامادەکراوی ناو کۆمەڵ. ئەوکاتە گۆڕانکاری لەکەسایەتی تاك ڕوودەدات، کە هاوتای ونکردنی بیردانی ئەو کەسەیە واتە لەبیرچوونەوەی رابردوو لەئایندەدا تەنها لەو ساتە دەژیو کەسایەتی سات دروست دەکات، لەزەمەنێکی نەگۆڕی ئێستا دەژی.

ئەمەش پێی دەگوترێت نەبوونی کەناڵی بەیەکەوە بەستنی زەمەنی هزر، لەوانە ئەم کرداره چەند رۆژێكو مانگێك بخایەنێت پزیشکی دەروونی ئینگلیزی (برنارد هارت) بەردەوام ئەو حاڵەتانەی

چارەسەر دەکردن, لەیەکێك لەنەخۆشەکان کە تووشی دووفاقی کەسایەتی هاتبوو توانی بیردانی بۆ بگەڕێنێتەوە, لەیەکێك لە دانیشتنە چارەسەرییەکان شتێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویدا کە تا ئەو کاتە زۆر بێ دەنگو چەپێنراو بوو یەکسەر تەقییەوەو تووڕەو توونـدو دژایەتی بوو, بە دکتۆرەکەی ووت من جارێکی تر تۆم بینیوە لەشوێنێکی تر بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنی ئەوجارە بە دکتۆرەکەی ووت من زیاتر لە بیست جار تۆم بینیوە نکۆڵی لە ڕووداوەکان دەکرد, ووتی ئازاری سەرم هەیە دوای چەند ساتێکی تر گەڕایەوە دۆخی جارانی, (د. برنارد هارت) ووتی حاڵەتی _جۆن سمت) کە نەخۆشەکەیە پێی دەوترێت پێنج پیاوەکە کە هەرجارێك ڕۆڵی یەکێك لەو پیاوانە بەشێوەیەکی جیاواز دەبینێ ئەمەش لە ڕۆڵی (سکبیر) دەچێت لەوەی پەرتەوازەیی کەسایەتی خۆی دابەش دەکات بەسەر کارێکتەرەکان بەپێی پاڵنەری کەسایەتی ناوەوەی خودی خۆی ئەکتەرە شانۆییەکان دروست دەکات واتە شکسپیرو کەسایەتییەکانی کارێکتەرەکان کە هەموو زەمەنێکی لێك جیاوازن لەبەرامبەر زەمەنی نەگۆڕی شکسپیر ویستوویەتی ڕۆڵی خۆی پێشکەش بکات بەتایبەتیش زۆربەی پەرتەوازەیی کەسایەتی لای شکسپیر لەتەمەنی گەنجایەتی بووە.

(هارت) شیکاری دەروونی بۆ ئەو حاڵەتە دەکاتو دەڵێت زۆرجار ئەو دوو کەسایەتییەی کە لەدوای یەکتر دێن دژی یەکتر دەبن واتە یەکەمیان هێمنو لەسەرخۆو بێ دەنگ دەبێ لەکەسایەتی دووەم تووڕەو توونـدو دژایەتی دەبێت ئەمەش یاسای ڕەتکردنەوەی حاڵەتی یەکەم بۆ دووەمو دووەم بۆ یەکەم دەبێت کە کەسایەتی پێچەوانەی دوای یەك لە کەسێکدا ئەمە بەتاڵ کردنەوەو خالی کردنەوەی حاڵەتە دوو فاقییەی کەسایەتییە. واتە زۆرجار ئێمە لەبەرامبەر لەخۆمان بچووکترو بێ دەسەڵات تر کەسایەتی توونـدو لەخۆباییو تیژ دەنوێنین کە ئەمەش بەتاڵکردنەوە حاڵەتی ئەوە هەمان کەس لەبەرامبەر کەسێکی لەخۆی گەورەترو بەدەسەڵاتتر نەرمو نیانو هێمن دەبێت واتە کەسێتی دووفاقەیی لەدوو زەمەنی نەگۆڕ. جا بەهۆی گۆڕانی شوێنەکانو کارەکان (هارت) دەڵێت بەردەوام پێنج کەسایەتی دەنوێنین. زۆرجار پێویست بوونو گرێدان لەنێوان کەسایەتییە جۆراو جۆرەکانی یەك کەس جۆرێکە لەحاڵەتی پەرتەوازەییو بڵاوبوونەوەی کەسایەتی تاك بەسەر ڕۆڵ بینییەکانی زەمەنی دیاریکراودا. سایکۆلۆژستەکان لەم ڕووەوە دیراسەی دیاردەی

کۆمەڵایەتی ئـەو کەسایەتییە جیاوازانـە دەکـەن بەتایبـەتی لـەڕووی شـتە نـامۆو شاز, رادەبەدەر لەتوانای خۆی کە هاوتای ئـەو جـۆرە گۆڕانـە کەسایەتییە دەبێت لەگـــەڵ دەرکـــەوتنی کەســـایەتییە راستەقینەی خـۆی وەکو لـەکاتی مەسـت بـوونو بـێ هۆشـیدا کـە عـەقڵی نـاوەوە دەبێتـــە عـــەقڵی دەرەوەو قـــسە لەســـەر رەفتـــارو راســـتەقینەی کەسـایەتی ئـەو کەسە دەکاتو زۆر لەنهێنییـە شاراوەکان ئاشـــکرا دەکـــاتو هەنـــدێك ماسـك و رووکەش دەرووخێنن, جا دیراسـەکردنی ئـــەو حاڵەتـــە کـــارێکی پێویـــستە بـــۆ دۆزینـــــەوەی ئـــــەو کەســــایەتییە راستەقینەیە لەنێوان چەندان کەسایەتی درۆینە.

زۆرجار ئەو توێژینەوانە ئەبینین لەسەر حاڵـــەتی روح یـــاخود چـــوونە نـــاو یـــان هەندێك دیاردەی لـەتوانا بـەدەر دەبێت بەتایبـــەتی لێکۆڵینـــەوەی (راوکلیـــف) لەسەر فێڵی هەستیو وەهـمو ونکـردنو خەوانـــــدنی موگناتیـــــسیو بیـــــنینو نووســـــینی ناویـــــستیو رووحـــــە شـــــەرانگێزەکان.. ئەمانـــــە هـــــەموو دیراسـەکردنێك بـوون لەسـەر خـودی پـــەرتی کەســایەتی لەیــەك زەمەنــدا. ئەمـەش (جانیـە) سـێ لایـەنی لـەژیانی تاك دیاریکرد وەکو پـردی پەڕینـەوە بـۆ حاڵەتـــە دەروونییـــە نامۆییـــەکانو کاریگـــەرکراوەکان بـــۆ چـــەندایەتی کەسایەتی تاك وەکو:

یەکەم: رۆڵ بینین Roles.

وشـــەی رۆڵ بیـــنین لەشـــانۆ وەرگـــیراوە بـەلاَم لـەژیانی رۆژانەمانـدا مـرۆڤ رۆڵـی هەمەجۆر دەبینێت کە لەگـەڵ سروشـتی خـۆی دەگونجێـتو هەنـدێکی تـر دژی سروشتی ئەو کەسە دەبێت, بەلاَم رەنگـە لەگـەڵ واقعـی حـاڵ بگونجێـت کـارێکی زۆرکراوە بێت بەسەر تاك.

دووەم: سیـستەمی کەسـایەتی ناوەنـدی (Personality subsystems) زۆر لـەزانایانی دەروونـی باوەڕیـان وایـە کـە تـــاك لـــەناوەوەی خـــۆی کۆمـــەڵێك کەسـایەتی جیـاوازی هـەڵگرتووە رەنگـە هەنـدێك لـەو جـۆرە کەسـایەتییانە دژی یەکتربن یاخود هاوتای یەکترن رەنگە لـە رکابـەریو ململانێـی بـەردەوام دەبـن بەشـێوەیەك کـە تـاك تووشـی وەهمـی کەسایەتی دەبێت. هـەر لـەم پێودانگـەدا ئـــەریك بـــراین (Eric Brene) لـــە توێژینەوەکەیدا کە لەزانکۆی (ئەریزونا) کردی لەسەر زیاتر لە (20000) بیست هەزار کەس بۆی دەرکـەوت هـەر کەسـەو سێ جۆر لەکەسایەتی بەردەوامی هەیـە: کەســـایەتی پێگەیـــشتووو تـــەواو, کەســـایەتی بـــاوكو کەســـایەتیمنداڵ. هـەروەکو شـاعیر (والـت وایتمـان Walt Whitman) دەڵـێ"مـن چـەند جۆرێـك لەکەسایەتم لـەناخی خۆمـدا هـەڵگرتووە

یەکێك لەوکەسایەتییە, کەسایەتی منداڵی شەرانگێری دژی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی ئەمەش لەگەڵ پێکی یەکەمی ویسکی دەردەکەوێت, ئەو ماددە کیمیاوییە پێم دەڵێت ویژدانی مرۆڤایەتی قابیلی توانەوەیە لەو پێکەدا.

و هەر کەسایەتییەك بوارێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە جیاوازو دوورە پەرێزە لەبوارەکانی تر.

سێیەم: وێناندنی هزر ( Mental Imagery).

فرۆید لەشیکاری خەونەکان دەڵێن (ئەوەی شتێکی نامۆو سەیرە لە جیهانێکی تر هەڵدەقوولێت). واتە لەخەوندا بەشێك لەئێمە بینەرینو بەشێکی تر ئەکتەر رۆڵی کەسایەتی شاراوە دەبینین. خەون جۆرێك لە جۆرەکانی وێناندنی عەقڵی بۆ وێنەی مرۆڤمان پێدەبەخشێت. زۆرجار دەرکەوتنی لەناکاوی ئەو وێنە هزریانە دەبێتە هۆی ئاگایی ئێمەو دیوەکەی تری واقع کە ئێمە هەوڵی نەزۆکی بۆ دەدەین کە سەرسام دەبین کاتێ هەست دەکەین ئەو هەوڵە نەزۆکە لەخەون بەشێوەیەکی نامۆ دەردەکەوێت ناتوانین مامەڵەی لەگەڵدا بکەین لەبەر خوێندنەوەی دابو نەریتو پێوەرە کلتوورەکانی کۆمەڵگا هەولێکی ترسنۆکانە لە مەعریفەی تاکدا دروست دەکات. کە زۆرکەس دەڵێن لەنێوان نووستنو بەئاگای بەشی سێیەم لەو هەوڵەدا هەیە کە خەیاڵە کە وێنەکانی خەیاڵ زیندووترە هاوشێوەی وێنەکانی خەون وەکو فیلمی سینەما تایبەت بەو کەسە کە پێی دەوترێت وێنەکانی خەو بردنەوە.

کە بەویستی تاك روونادات بەڵکو بەشێوەیەکی غەریبو ناویستی روودەدات. ئەمەش زۆرجار لەبوارەکانی ئەدەبو هونراوە دروست دەبێت کە جۆرێك لە فەنتازیای عەقڵ سەرهەڵدەدات. بۆیە زۆر گرانە بۆ شیکردنەوەی کەسایەتی دیاریکراو چونکە رۆڵی مرۆڤەکان بەپێی کاتو شوێنو پێداویستی خوازراو دەگۆڕێت کاتێك پێوەر دەخەیتە سەر یەکێك لەکەسایەتییەکان دەبێ پێوەری دووەم هەڵوەشێنێتەوە وەکو وتمان چونکە یەکیان دژی ئەوەی تر کاردەکات.

(جانیە) باس لەحاڵەتی ناویستی لەکاتی ئاگایی دەکات کە جیاوازە لەحاڵەتی وەهمو دووفاقەی کەسایەتی بۆ نموونە ژنێك لەتەمەنی چل ساڵیدا لەژوورێکدا تووشی دڵەڕاوکێ هاتبوو کە لەناکاو تووڕەو توونද بوو, سەری خۆی نەوی کرد دوای چەند ساتێك لەبێ دەنگی دەستی کرد بەقسەکردن وەکو دەنگی منداڵ دەستی کرد بەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا

کردبووی ئەو کاتەی دایکی مردبوو لەو تەمەنە خزمو کەسەکانی هەواڵی مردنی دایکیان پێ ڕانەگەیاندبوو یەکسەر بەرەو کەناری دەریا رایکرد وەکو دەنگی منداڵی ساوا داوای لەدایکی دەکرد کەوا نەمرێو زیندوو ببێتەوە ئەم وەهمەو کەسایەتییە خوازراوە لەم ژنە پانزە خولەك بەردەوام بوو ئەمەش (جانیە) بۆ دوو کار شی دەکاتەوە:

یەکەم: کاری ناویستی (اللاارادی) یەکەم: ئەمە شاکارێکی باوە لەژیانی رۆژانەماندا وەکو خوێکی لێهاتووە کە زۆر دووبارە دەبێتەوە بێ ئەوەی ئەمە مەعریفەی تەواومان هەبێت دەربارەی ئەم کارە وەکو لێدانی پیتەکانی ئامێری چاپ یاخود لێخوڕینی ئۆتۆمبێل ئەو کاتە شوفێری شارەزا دەتوانێت کاری لێخوڕین بکاتو بیر لە شتی تر بکاتەوەو لەگەڵ ریکۆردەر خەریك بێتو ئاگاداری گڵۆپی هاتووچۆ بێت, یاخود ئەو کەسەی شارەزایە لە ئامێری چاپ دەتوانێت گوێ بگرێتو چاپیش بکاتو هەندێ شتیش بخوات. ئەو کار ناویستییە ژیانێکی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ ژیانێکی ئاڵۆزو گران.

دووەم: کاری ناویستی دووەم: (رۆیشتنی خەوتووی یەکانەی بیر) رەنگە ئەم دەستەواژەیە تێگەیشتنی ئاڵۆز بێتو هیچ مانایەك نەبەخشێت, بەڵام چەمکی ئەم کارە بریتییە لەوحاڵەتەی نەخۆش کە دەبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی سۆزێکی گەورەی رابردوو لەکاتێکی کەم وەوکو گۆڕانێکی دەروونی دەبێت.

سێیەم: کاری ناویستی سێیەم, پێی دەڵێت حاڵەتی وەهمی ئەمە بەوە ناسراوە کە لەهەردوو جۆرەکەی تر ئاڵۆزترە چونکە جگە لە چەند جۆرێکی کەسایەتی کۆمەڵێك بیری جۆراوجۆری هەڵگرتووە. ئەم جۆرە کەسایەتییە بەوە ناسراوە کەمتر هەوڵ دەدات سەرنجی کەسانی تر رابکێشێت بۆخۆی.

چوارەم: کاری ناویستی چوارەم: حاڵەتێکی شازو نەگونجاوی دووفاقەی کەسایەتییە لەتاك ئەمەش (نیما Nemiah) لەساڵی 1985 دووسەد حاڵەتی لەم شێوە دیراسە کرد کە دوو کەسایەتی تەواو جیاوازی هەبوو لەکەسایەتی یەکەم تاك, دوورە پەرێزو شەمنو غەمبارە هەست بەناتەواوی لەشی دەکات, بەڵام لەکەسایەتی دووەم لەهەمان تاکدا ئەوا هەست بەتەندروستی چاكو چالاكو گەشبینو کراوەیە. بۆ دوو حاڵەتی نەشازە وەکو ئەوەی لەخودا دەپارێتەوە لەم دزیەش شتێکی باشی دەست کەوێتو بەدەست بەتاڵی نەگەڕێتەوە.

پەراوێز

1- وێنەی لەشی هزری (Body Image): خەیاڵکردنی تاك بۆ وێنەی لەش

لەبۆشـــاییدا کارێـــك دەکـــات لەگـــەڵ وێناکردنی پەیوەندی ئەندامەکانی لەش بەیەکەوە.

2- پـــــــەرت بـــــوون (Dissociation): کەرەستەیەکی لاوەکییە یان بەشـەکانی کەســـــایەتییە کـــــە بەیاننامـــــەی جیابوونـــــەوەی بەشـــەکانی خـــۆی رادەگەیـــەنێت کـــە هـــەر بەشـــە لـــەو کەسایەتییە بەجیاکار دەکات لەتاك.

3- وەهم (Fugue) هەڵفڕینی کەسایەتی دیاریکراو بۆ کەسایەتییەکی تر کەبوونی نەبێت لەو واقیعەدا.




سەرچاوە:
سوود لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە.
⋆ أنشگار الـژهن. بـیتر مـاكلیر. ترجمـه د. حلمی نجم. بغداد. گ2. 1986.

**ئیگۆو ئید**
**جۆرج تەرابیشی**
**و: یوسف عوسمان حەمەد**

# ئەنترۆپۆلۆژیا

و: ئەژین عبدولخالق

ئاشکرایە مرۆڤ بەشێوەیەکی مێگەلیانە دەژی‌و، کۆمەڵە ناوخۆییەکانیش کە لە رووی قەبارەو دانیشتوانەوە جیاوازن یەکەیەکی پتەو پێکدەهێنن لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە دەرەکیەکاندا، دیارە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان سیستەمێکی داخراو پێکدێنن بەرامبەر بە کۆمەڵە نەیارەکانی تر. دیاردەی دوژمنایەتی مرۆڤی سەرەتایی بەرامبەر جیهانی دەرەکی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ناو لە ئەندامانی هۆزەکەی خۆی دەنێت. هەست کردن بە بەرژەوەندی هاوبەش لەنێو کۆمەڵگا پێشکەوتووو ئاڵۆزەکانیشدا هەستێکی دیارو بەرچاوە. ئەو زانایانەی گرنگی بە رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەدەن پەیوەندی سێکسی کراوەو زەواج لە یەکتر جیادەکەنەوە، پەیوەندی کراوە ئەنجامی ئارەزووی سێکسییە بەڵام زەواج بریتییە لە کۆمەڵێك پەیوەندی لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمەڵگاکان قبوڵیان نییە پەیوەندی سێکسی لەپێش زەواجدا هەبێت، ئەگەر بەم پەیوەندیەش بزانن سزای ئەم کەسانە دەدەن، بەڵام زۆر حاڵەتی جیاوازیش هەیە لەبارەی رادەیی لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە ئاست ئەم پەیوەندیانەدا لە جیهان. زۆربەی جار زەواجی سەرەتایی زۆر ناخایەنێت تاوەکو مرۆڤەکان دەگەنە تەمەنی باڵق بوون، بەڵام لە تەمەنی دوای ئەو زەواج، جێگیرتر دەبێت. پەیوەندی گەنجانی نێوان هەردوو رەگەز خاوەنی مۆرکێکی ئێرەییە، لێکۆلەرەوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کۆمەڵگایانە بە ڕادەیەکی زۆر کەمتر تووشی لادانی سێکسی دێن. پلەو پایەی تاك لەم کۆمەڵانەدا پشت بە تەمەن‌و رەگەزو ئینتما بۆ خێڵ‌و نەسەب‌و خزمایەتی‌و بڕوای روحی دەبەستێت. لێرەدا پێگەی منداڵ گرنگ نیەو بەڵکو لەگەڵ گەورە بوونیان گرنگی زیاتری پێدەدرێت. کاتێك کەسەکان باڵق دەبن (خۆیان دەناسن)و پێدەگەن، کۆمەڵێك سروشتی دیاریکراویان بۆ ئەنجام دەدرێت. کە ناسراوە بە (سروشتی باڵق بوون)، مەبەستیش بریتیە لە هەڵکردن‌و راهێنانیان لەگەڵ رێکخستنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی، دوایش هەموو مافەکانی تاکێکی پێگەیشتوویان

پێدەدرێت لەنێو کۆمەڵگادا. لەنێو ئەم کۆمەڵانەدا بەساڵاچوان بەهۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابووریانو پشت بەستنیان بە کۆمەڵەکەیان هێدی هێدی پەراوێز دەکرێن, هەڵوێستی کۆمەڵگا سەرەتاییو سادەو هۆزگەرەکان لەئاست پلەوپایەی نێرو مێ جیاوازە. ئەم جیاوازیەش بۆ ئەم بایەخە دەگەڕێتەوە کە ئەم کۆمەڵگایانە بە جیاوازی فەرمانی بایولۆژی هەریەك لە نێرو مێ دەدەنو ئەوجیاوازیەش دەبێتە هۆی دروست بوونی جیاوازی لە پلەو پایەی ئابوریاندا. بۆیە پیاوەکان خەریکی راووشکارنو, ئافرەتیش خەریکی کۆکردنەوەن لە کاتێکدا شوانکاری پیشەی نێر بووە, ئەوە دەبێت ئافرەت خەریکی کاری کشتوکاڵو بێستانن, بە تایبەتیش لەو کۆمەڵگایانەی زۆر دواکەوتوبون لەبەرئەوە پیاوەکان لەشێوەی رێکخستنی گروپو کۆمەڵ دەچوونە راوەشکارو جەنگ بۆیە بە روونی دیاربوو کە پێویستیان بە سەرکردایەتیەك هەبوو کە بتوانێت کارو چالاکیەکانیان رێکبخات, ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سەرکردایەتی لەدەست پیاوان بێت بەڵام کاری ئافرەت لەبەرئەوەی کارێکی تاکە کەسیە بۆیە پێویستی بە سەرکردایەتیو رابەر نەبوو. لێرەدا ژن لەو جۆرە کۆمەڵانەدا پێویستی بەوە هەیە بژێوی خۆیو خێزانەکەی پەیدابکات. زەواج کردن بە دوورەکان واتە تاك هەڵدەستێت هاوسەری ژیانی لە کۆمەڵێکیتر دەستنیشان دەکات نەك لە کۆمەڵی نزیکی خۆی. سێ شێوەی جەوهەری هەیە پەیوەندی خێزانی رێکدەخات.

1- رەچەڵەکی دوانەیی/ بریتییە لەو خێزانانەی خاوەنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێزو پتەونو منداڵەکان پەیوەستن بەدایكو باوکیانەوە لەرووی کۆمەڵایەتیو یاساییەوە.

2- رەچەڵەکی دایك/ ئەوە شێوەی دووەمە خێزانی خاوەن رەچەڵەکی لەم شێوە خێزانەدا, منداڵەکان لەماڵی خانەوادەکەیان دەردەچن کاتێك زەواج دەکەن بۆ ئەوەی لەگەڵ زەواجدا کچەکان هەر لەماڵی دایكو باوکی خۆیان دەمێننەوەو مێردەکانیان لەوێدا لەگەڵیان دەژین.

3- رەچەڵەکی باوك/ لەم شێوەیەدا منداڵەکان کاتێك زەواج دەکەن هەر لەگەڵ ماڵی باوکی خۆیان دەژینو ژنەکانیشیان دێنن هەر لەوێدا لەگەڵیان دەژین واتە لەم جۆرەدا کچ دەبێ لەماڵی دایکی دەربچێو لەکاتی شوکردندا بچێتە

ماڵی مێرد, لێرەدا پەیوەندی منداڵ بە باوكیانەوەو ماڵە باوانیانەوە بەهێزترە لەوەی لەگەڵ دایكیانو ماڵە باوانی دایكیانهەیانە

پێكهاتنی خێزان پشت دەبەستێت بە پەیوەندی فرە زەواجی توانراوە لەنێو كۆمەڵگا سەرەتاییەكاندا چوار جۆر زەواج دەستنیشان دەكرێت.

1- زەواجی چەند پیاوێك لەگەڵ چەند ژنێكو پێكهێنانی یەكەیەكی خێزانی بە یەكەوەیی, بۆ ئەم جۆرە زەواجەش زاراوەی بە كۆمەڵ بەكاردێت.

2- زەواجی پیاوێك لەگەڵ ژنێك, ئەم زەواجەش پێیدەوترێ تاك زەواجی.

3- زاواجی ژنێك لەگەڵ چەند پیاوێكدا, ئەوەش پێی دەگوترێت فرە مێردی polyandry .

4- زەواجی پیاوێك لەگەڵ چەند ژنێك polygyny ئەم زەواجەش پێی دەوترێت سیستەمی فرە ژنی, سیستەمی فرە ژنی لە كۆمەڵگا سادەو كلاسیكەكانو دەشتەكیەكان زۆر باوە.

بەڵام زەواج كردنی ژنێك لەگەڵ چەند پیاوێك كەمتر باوبلاوە لەجیهاندا, كاتێك سیستەمی فرە ژنی نزیك بێت لە سیستەمی (نیشتەجێی دایكایەتی) واتە ژنەكان لەماڵی دایكیو كەسی خۆیان بن ئەوە لەزۆربەی جارەكان لە نێو كۆمەڵگا سەرەتاییەكان وا رێكدەكەوێ كە ژنەكان خوشك بن, واتە بە چەند خوشكێك مێردێكیان هەیە, بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە سیستەمی (نیشتەجێی دایكایەتی) نەبوو ئەوە گرنگ نیە ئەو ژنانە خوشك بن. لێكۆڵەرەوە ئەنترۆپۆلۆژیستەكان دەریان خستوە كە دوو سیستەمی تر هەیە بۆ زەواج یەكەمیان پیاو زەواج لەگەڵ خوشكی ژنەكەی دەكات كاتێك ژنەكەی دەمرێت. ئەم سیستەمەش ناودەبرێت بە (زەواج كردن لەگەڵ خوشكان) بەڵام جۆری دووەمیان كاتێك ژن مێردەكەی دەمرێت دەبێت زەواج لەگەڵ شوبرای بكات ئەم جۆرەش ناودەبرێت بە (زەواج كردن لەگەڵ برای مێرد). گرنگترین شت لە رێكخستنی كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگا ناوخۆییو سەرەتاییو ساكارەكان بریتیە لە هەست كردن بە هاریكاری كۆمەڵایەتی كە ئەمەش لە نێو بواری ئابوریو سیاسیو ئاییندا رەنگ دەداتەوە, ئەگەر تێبینی بكەین دەبینین هۆزەكانی (ئەلاسكا) پەیرەوی بنەمایەك دەكەن كە بریتییە لەوەی عەشیرەت یارمەتی ئەو كەسانە بدات كە لەلایەنی ئابوورییەوە دەست كورتو هەژارن, ئەوەش لە رێگای پێشكەشكردنی دیاری بەخشینو قەرز, ئەو ئیلتیزاماتە كۆمەڵایەتیەی

ئاماژەمان پێکرد تەنیا ئەندامانی عەشیرەت دەگرێتەوە لە دەرەوەی عەشیرەتی ئەوان ناچارنین یارمەتی کەس بدەن, تەنانەت هەندێك لەو کۆمەڵانە پێیان وایە غەریبەو بێگانەی دەرەوەی سنوری شارستانیو کۆمەڵایەتی خۆیان نابێت مامەڵەیەکی وایان لەگەڵدا بکرێت لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی خۆیاندا دەیکەن, جێگای ئاماژە بۆ کردنە پەیوەستی ئەندامانی کۆمەڵگاو خێزانی مرۆڤایەتیدا بەرامبەر بە یەکتری بە تایبەتیش ئەگەر سەر بە یەك دایك بن یا ئەوانەی خزمایەتی دایك بە یەکیانەوە ببەستێت لە نێو هەموو کۆمەڵگاکاندا پەیوەندییەکی زۆر بەهێزە. ئاشکراشە لە کۆمەڵگا کلاسیکەکاندا پێوەری رەفتارو هەڵسوکەوتی نێو ئەو کۆمەڵگایانە لەسەر بنەمای سیستەمی شارستانی گشتی خۆیان دادەڕێژێت, رێگاش بە ئازادی تاکە کەسو جیاوازی رەفتار نادات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆمەڵانە فشارێکی زۆر ناخەنە سەر ئەندامەکانیان, لەبەرئەوەی ئەندامەکانیان خۆیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ ملکەچی عورفو دابو نەریتو ئەو بەهایانە دەبن کە کۆمەڵگا دەیخاتە نێو کەسایەتیەکانیانەوە, لادانی تاکەکانی لە بنەما کۆمەڵاتیەکان کاردانەوەی بەهێز دەوروژێنێ بێزەوەرترین کار لای ئەم کۆمەڵانە بریتییە لە کوشتنی مرۆڤ یا کوشتنی هەندێك ئەندامی کۆمەڵەکەیان. یا دەستدرێژی جەستەییو پێشێلکردنی مافی موڵکداریەتیو کاری سێکسیو ئەنجامدانی (سیحری رەش) کە بەڕای ئەوان دەبێتە هۆی تێکدانی ئەمنو ئاسایشی کۆمەڵ ئەگەرچی بەها ئایدیالیەکان زاڵە بەسەر بیرکردنەوەو رەفتاری ئەم کۆمەڵانە بەڵام پلەو پایەی هەستیار هەیە رقو کینەو ئیرەیی دروست دەکات. چونکە خاوەنەکانیان دەوڵەمەندو خۆشگوزەران دەبن ئەوەش بە روونی لە نێو کۆمەڵگا کلاسیکەکانی ئەفریقیا دیارە, لەنێو زۆر گروپو کۆمەڵدا بەتایبەتیش لەنێو هندیە سوورەکانی ئەمریکا لەژێر کاریگەری رای گشتیدا تاکەکان ناچارن رێزی عورف بگرن, لەو کۆمەڵانەدا هیچ کۆتو پێوەندیەك نیە لەخزمەت جێبەجێ کردنی یاسادا بێت تەنیا بەکارهێنانی هەندێك کەس نەبێت کە رۆڵی پۆلیس دەبینن لە هەندێك چالاکی بە کۆمەڵی وەکو راوشکارو جەنگ. بەڵام لە ئەفریقیا یاسای کلاسیکی زۆر دژوارە لە ئەنجامی بوونی کاری دادوەری کە

لەشێوەی دادگایەکی هۆزگەرایی دەردەکەوێت وپشتیش دەبەستێت بە کۆکردنەوەی بەڵگەو سوێند خواردن و شاهێد بانگکردن و هەروەها سروتی دادوەری روحیش هەیە بەکاردێت بۆ سەلماندنی بێ تاوانی تۆمەتبار, رەنگە هەندێك جاریش تۆمەتبار رووبەرووی هەندێك کردەی ئازاربەخش ببێتەوە وەکو وەستانی لەناو ئاوی بەستراو یا بەدەستگرتنی هەندێك شتی داخراو. ئەگەر لەئەنجامی ئەو سزایە تووشی زەرەر نەبوو ئەو بەڵگەیە بۆ بێ تاوانی ئەو. سزای هەندێك تاوانباریش کە هەستاون بەکاری رووخێنەر وەکو کوشتن و زیناکردن دەگاتە لەسێدارەدان و یا دوورخستنەوەو دەرکردنی. بەهەرحاڵ دیسپلینی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەلگا ناوخۆو سەرەتاییە کلاسیکییەکان پشت دەبەستێت بەهێزی (چاندنی) کۆمەڵایەتی یانەی بەهاو پێوەرو پابەندبوونی دەروونی و خودی و رێزگرتن و پارێزگاری کردن لە رەفتارو هەڵسوکەوتی چاك.

مرۆڤ لە کۆمەڵگاکان بە گشتی و بە تایبەتیش لەنێو کۆمەڵە کلاسیکەکان حەز دەکات شتەکان لەسەر بنەمای دژیەکیان جیا بکاتەوە, لە گۆشە نیگای دەربڕینێکی شێوەییەوە. تەماشای دەکات بۆ ئەوەی بزانێت جوانە یان ناشیرین یا لەژێر رۆشنایی بەها ئەخلاقیەکان کە پۆلێنی دەکەن بۆ باشی و خراپی بەبێ ئەوەی توانای هەبێ وێنەی هێلێکی ورد بکێشێ و ئەم دژکارییە لێك جیا بکاتەوە, هەروەها خەڵکی نێو ئەم کۆمەڵانە پلە جیاجیاکانی ئەو هێزانە لە یەکتر جیادەکەنەوە کە حوکم لە جیهانی دەرەکی دەکەن هەروەها بیر لەو شێوە دەسەڵاتانە دەکەنەوە کە پەیوەندی بە ژیانەوە هەیەو لە شێوازی بیرکردنەوەشدا لە سادەترین شێوەوە دەست پێدەکەن تا دەگەنە ئاڵۆزترین. لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینی گەلان و کۆمەڵەکان بۆ هاوشێوەی ئەم بابەتە لە یەکتر ناچێت. چونکە ئەو شتەی ئاسایی و ئاشنایە لە تێڕوانینی هەندێك کۆمەڵە رەنگە نامۆو سەر سوڕهێنەر بن لە تێڕوانینی هەندێکی تردا, بۆیە زەحمەتە لێکۆڵەران زانیاریان لەسەر هەموو لایەنەکانی گۆڕەپانی فکری و روحی و غەیبی هەبێت, واتە دیارە ئەتنۆلۆژییە هاوشێوەکان لەیەك دەچن لەلای کۆمەڵە جیاوازەکان واتە شێوەیان لەیەك دەچێت بەڵام زۆر جیاوازن لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیدا. چارەسەری نەخۆش لە هەندێك کۆمەلگای سەرەتایی پشت دەبەستێت بە

دەرهێنـــانی بەشـــە ناوخۆییـــەکانی جەســـتە، چـــونکە وادادەنێـــت هـــۆی نەخۆشـــیەکەیە وەکـــو چـــۆن لـــە نەشـتەرگەری نـوژداری نوێـدا دەبیـنین، ئـەم کـارە پزیـشکییە ئاسـاییە خـاوەنی هـیچ نـاوەڕۆکێکی روحـیو غـەیب نیـەو کـارێکی ئاسـاییە، بـەڵام هـەمان کـردار لەسـەر زۆر کۆمـەڵگا سـەرەتاو سـادەکان بـەکاردێت بـەڵام هاوشانی هەڵوێستێکو پڕە لە ناوەڕۆکی زەینیو سۆزداری ئاینی یـا عەقیـدەیی، بـێ ئـەم بنـچینەیە لێکۆڵینـەوە لـە سیـستەمە ئاینییـەکانی نێـو کۆمـەڵگای مرۆڤایەتییـە سـادەو کلاسـیکەکان دەخوازێـت دەستنیـشانی جۆری هەڵوێـستو ئـەو رەوتـە زەینـیو سـۆزدارییە بکرێـت کـە لـەکردەی کەسـەکاندا بـەدی دەکرێـت لـەپاڵ تێگەیشتن لە سروشتی ئەم هێزانـەی کـە ئـەم جـۆرە هەڵوێـستانە گوزارشـت لێدەکەن لەلایەن پەیوەنـدی بـە مەسـەلە دنیاییـەکان یـا غەیبیـە پیرۆزەکـان. نـاوەرۆکی هەڵـسوکەوتی ئـاینی لـە دەرەوەی هێـزی غـەیبی دەخولێتـەوە کـە مـرۆڤ بـە پـیرۆزی دەزانێـتو لێـی دەترسـێت، ئەنتروپۆلۆژیـستان دیـاردە ئاینییـەکانیان پـۆلین کـردووە بەسـەر دوولایـەن، لایـەنی (کردەیـی Action) لایەنی (هزری Thoyght) لایـەنی یەکـەم بریتییـە لـە سروشـت لایـەنی دووەم بریتییـە لـە بیروبـاوەڕ، بـەڵام هێـزی غـەیبیو روحـی دەبنـە دوو جـۆری لـە یەکتر جیاواز، جۆری یەکەم بریتییە لەو هێـزە تێکـشکێنەرانەی کـە لـە زەینـی کۆمەڵـە سـادەکاندا شـێوەی مرۆڤـی یـا نیمچە مرۆڤی وەردەگرێت، بـەلام جـۆری دووەم بریتییـە لـەو هێـزە غەیبییانـەی کـە لەشـێوەی زینـدەواری دەستنیـشان ناکرێـت، بـەڵکو لـە زەینـی تاکەکانـدا تەمومژاویو ئاڵۆزە. هێزە غەیبییەکان لە شێوەی مـرۆڤ یـا نیمـچە مرۆڤییـەکان هەیـە لـەنێو چـەمکی میتۆلۆژیـدا بەرجەسـتە دەبـن، لەبەرئـەوەی فـۆرمی مرۆڤ هێزی کارایە لەنێو چالاکییەکانی ژیـانی رۆژانـەدا ئـەوەش بـە روونـی دەردەکەوێت کاتێك تەماشای وێنا کردنە زەینییـەکانی خـەیاڵی خـەڵك لـە زۆر کۆمـەڵگا کلاسـیکەکان دەکـەین لـەبارەی چەمکی روح یا ئەوەی لە کۆمەڵگا هەرە سادەکاندا روو دەدات، کە خـەڵك لەسـەر شێوەی مرۆڤ وێنای ئاژەڵ دەکەن، رەنگـە فکری غەیبی سەرەتایی پلەیەکی بەرزتر لـە خـەیاڵ بەشـێوەیەك مـرۆڤ دیـاردە سروشـــتییەکان دەگێڕێتـــەوە وەکـــو رەشەباو بروسكو هەورو تـەمو بورکـان، رۆڵو سـیمای مرۆڤانـەیی بـەم جـۆرە دیاردانە دەبەخشێت کەپڕە لە هەستو

مەبەستی‌و ویست لەزۆر لەو چیرۆکە ئەفسانەیانەی کە باسی کەسایەتی غەیب دەکات خاوەنی سیفەتی مرۆڤایەتین, تێبینی دەکەین زۆرتر جەخت دەکرێتە سەر رەسەنایەتی واتە بنچینەی ئەم کەسایەتیانەو سەرهەڵدانیان‌و پەیوەندی ئەو سەرهەڵدانەیان بەسەرهەڵدانی مرۆڤ‌و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان. لەنێو ئەفسانەکاندا ئاژەڵان بە جۆرێك قسە دەکەن‌و هەڵسوکەوت دەکەن وەکو ئەوەی مرۆڤ بە وەسفکردنی جووڵەی با لەشێوەی گەشتێك بەنێو جیهاندایە جگە لەوەی سیفەتی مەبەست‌و شیاری دەدرێت بە دیاردە سروشتیەکانی تر وەکو مانگ‌و رۆژ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چەمکی ئەفسانەییەکان فرەن بە رادەیەك تێگەیشتن لە هەر یەکێکیان ئەستەمە ئەگەر ئێمە لە پێکهاتەی گشتی ئەم کۆمەڵگایە قووڵ نەبینەوە, کە بەکاری دێنن بەهەمان شێوە خەیاڵیش رۆڵێکی زۆری هەیە لە بزواندنی چەمکە ئەفسانەییەکان بەنێو زماندا, چونکە هەر نەوەیەك بۆ خۆی بە شێوەیەك دەستکاری کردووە هەندێکی زیاد کردووەو هەندێکی لێی کەم کردۆتەوە. لە هەندێك شوێنیشدا ئەم چەمکە ئەفسانەیانەی وەکو خۆی هێشتۆتەوە لە هەندێك شوێندا دەستکاری تیاکراوە, بۆیە بۆ تێگەیشتن لێی دەبێ هەموو ئەو قۆناغە مێژووییانە بناسین, لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەفسانە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ ئەوەی لەو کێشانە تێبگەین کە لەهەر قۆناغێکدا ئەو ئەفسانانە گوزارشتی لێدەکەن, جگە لەوەش ئەو میتۆلۆژیایانە لە ئەنجامی فاکتەری پێوەندی شارستانی نێوان کۆمەڵگاکان دووچاری گۆڕان دێت. زۆربەی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە کە پەیوەستە بە کەسایەتییە مرۆڤایەتییەکان بەرەو ئەوە دەچن جەخت بکەنە سەر ئەسڵی شتەکان‌و سەرهەڵدانیان ئەگەر ئەم جۆرە چیرۆکانە لەو ناوەڕۆکە غەیبی‌و عەقیدەییانە دابماڵرێن ئەوە دەبنە چیرۆکێك کە پاڵەوانەکانیان مرۆڤی ئاسایین, لە یەکەم تێڕوانیندا رەنگە وا بزانێت چیرۆکە ئەفسانەییەکان تێڕامانێکی سادەن لە دیاردە سروشتیەکان, ئەوانەی بایەخیان بە توێژینەوە لە ئەفسانە داوە تێبینی ئەوە دەکەن کە چیرۆکە ئەفسانەییەکان زۆر بەپەلە لە سنوری هەرێمەکان بڵاو دەبنەوەو شێوەی گوزارشت لێکراوی فرەلایەن‌و جیاواز لە نێو کۆمەڵگا شارستانیەتە جیاوازەکاندا وەردەگرێت, ئەگەرچی چەمکی هێز مەرج نیە ببێتە

هۆی سەرهەڵدانی ئەفسانە، بەڵام کاتێك کلتووری ئەفسانەیی نمایش دەکەین دەبینین ئەم چەمکە توخمێکی هەرە دیارە لەنێو زۆربەی ئەفسانەکاندا، وەکو چۆن لەنێو ژیانی ئەفسانەیشدا ئەم رۆڵەی هەیە، ئەوەش لەچەمك و گوزارشت و هێزدا بەرجەستە دەبێت کە لەنێو تایبەتمەندییە جۆراتییەکانی گەردووندا هەیە، وەکو جیاوازی نێوان زەوی و دەریا، دەشت و چیا، باکور و باشور، خۆرهەڵات و خۆرئاوا، شێوە جیاجیاکانی مانگ، یا پەیوەست بوونی هەندێك ژمارە بەهێزی غەیبی تێکشکێنەری دیاریکراو وەکو ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە سێیەم منداڵ لە هەمووان سەرکەوتووتر دەبێت یا ژمارە تاکەکانی نیشانەی شکستن، یا هەموو هەوڵ و کۆششێك کە بۆ چوارەم جار بدرێت مەبەست و ئامانجەکەی دەپێکێت، با ئەوەش لەبیر نەکەین کە شێوەی چالاکیە ئاینییەکان بە شێوەیەکی توند و تۆڵ پەیوەستی یەکترین هەر هەموویشیان جەخت دەکەنە سەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاکەکان لە ژیاندا، بەڵام چالاکییە سحرییەکان وەکو ئەوەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان لەنێو کۆمەڵگا سەرەتایی و سادەکان تێگەیشتوون مەبەستێی کۆنترۆڵکردنی هێزی دیاردەکان و بوونەوەرە ئەفسانەییەکانە، زۆربەی هەرە زۆری چالاکییەکە سروشتییەکانی کە مەبەستی زیادکردنی هێزە لای ئەنجامدانی پێویستی بە حاڵەتێکی هەڵچوونی گشتی هەیە کاتێکیش کەسەکان ئەم هێزە بەدەست دەهێنن ئەو کۆمەڵگا سادەو تەقلیدییانە هەندێك سرووتی روحی و ئالۆزیان بۆ دادەنێت بە مەبەستی چاکبوونەوەیان کە لەنێوانیاندا بە رۆژووبوون و ئەشکەنجەدانیشی تێدایە.

بەڵام هەندێکی تر لەو کارە سروتیانە بەتایبەتیش ئەوانەی رۆژانە لەبواری حەرامکراوەکاندا ئەنجامدەدرێت خاوەنی مۆرکێکی هەرەمەکین و هەڵچوونیان تێدانییە.

## ئەخلاق و بەها

ئەنپرۆپۆلۆژیستەکان تێبینییان کردووە کە هەڵسوکەوتی ئەخلاقی لەنێو شارستانییەتە جیاوازەکان بەرادەیەکی زۆر لەیەك جیاوازە، ئەم جیاوازییەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی پێوەرەکان، بەڵام پێوەری سەرەکی لەنێو هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا بریتییە لە ملکەچکردنی بەرژەوەندی تاك بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ و پیشاندانی ئەوەی

کە تاك پارێزگاری لە مافەکانیان دەکات، کۆمەڵـەکان زۆر جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـــەوە کـــە هاوکـــاری لـــەنێوان ئەنـــدامانیان هـــەبێ‌و هەڵوێـــستی توندیـشییان هەیـە بەرامبـەر ئەوانـەی خۆپەرستن لـەناو ئـەم کۆمەڵانـە لـەکاتی نمایـشکردنی لێکۆڵینـەوە ئەتنۆگرافییـە زۆرەکان دەرکەوتووە روحێکی هاریکاری زۆر لـەنێو کۆمەڵـە سـەرەتاییەکان لـە سیستەمی ئابووریدا هەبووە. بـۆ نموونـە لـەنێو کۆمەڵـەی (ئەسـکیمۆ)دا ئـەوەی رۆژێـك راوی دەسـت نەکەوتبایـە ئـەوە پـــشکی هـــەبوو لـــەو نێـــچیرانەی کـــە هاوڕێکانی راویان کردبوو، دەبێ ئـەوەش لـــەبیر نەکـــەین کـــە هـــەڵس‌و کـــەوت بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ شارسـتانییەتی کۆمەڵگا بەدیار ناخات، چونکە پێکهاتەی شارســتانییەت لــە دوو بــەش پێکــدێت یەکەمیان دیـارە،و دووەمیـشیان جێگیرە، لایـەنی دیـار لـەو نموونـە هەڵـسوکەوتە دووبارەییانــە پێکــدێت کــە پەیوەســتە بەدەربڕینی زمانـەوانی‌و کردارەکی دیـار کـــە پێویـــستی بـــە هـــیچ پرســـیارو شـــیکردنەوەو لێکدانەوەیـــەکی زانـــستی ئاڵۆز نییـە، ڕەنگـە تێگەیـشتن لێـی وەکو تێگەیـشتن بێـت لـە شـێوازە هونەرییـە ڕوون‌و ئاشکرایەکان، لە ڕاستیدا، زۆربەی ئـەو کـەل‌و پـەل‌و ئامێرانـەی دروسـتی دەکات دەچنە ڕیزی شارستانییەتی مـادی دیـــار بـــەڵام لایـــەنی شـــاراوەی نێـــو شارســـتانییەتی بریتییـــە لـــەو چـــەمك‌و بنـەما فەلـسەفی‌و روحییـە شاراوانە کـە ڕەفتارەکـانی بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ گوزارشتیان لێ ناکات، بەڵکو دەرکەوتنیان پێویـــستی بـــە شـــێوازی دەروونـــی‌و کۆمەڵایـەتی وردە، چـونکە دانیـشتوانی کۆمەڵگاکان درك‌و هەستی پێ ناکەن.

سەرچاوە: الانثروبولوجیا

# بەکاربردنو پەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیاوە

کامبردج بوك ریفیوز
و: ئارام ئەمین

جۆرج ریتزر نووسەری ئەم کتێبەو چەندان کتێبی تر لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی هاوچەرخو لەناساندنی کۆمەڵگای بازاریو بەکاربەرو کالا - بەدرێژایی بەشەکانی ئەم کتێبە- گفتوگۆیەکی قووڵی لەمەڕ کۆمەڵگای بەکاربەری هاوچەرخ خستۆتە ڕووو وە هەوڵی داوە چوارچێوەیەکی تیۆری بخاتە ڕووکە پێداویستی پسپۆڕانی کۆمەڵناسیو خەڵکی ئاسایی پڕبکاتەوە.

لەبەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی ((نووسین لە پێناو خوێندنەوە))دا باسی لەپەراوێزی ڕۆڵی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی کردووە لە کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگاکانییانەوە, دەڵێ ئەو زانایانە گرنگی بە بابەتی بەکاربردنو کڕینو فرۆشتنو شوێنە خۆشگوزارییەکان نادەن, بەو پێیەی بابەتی ناجیدیو ناگرنگن بەبەراورد لەگەڵ کێشە کلاسیکییەکانی کۆمەڵناسی وەکو کێشەی بونیادی چینایەتی کۆمەڵگاو ڕۆڵی کەرتە جیاوازەکانو هیرارکییەتی کۆمەڵایەتیو هتد, لەبەرئەوە نووسین لەمەڕ سوپەرمارکتو دیزاینی لاندۆ لاس فیگاس لە تێڕوانینی ئەواندا گرنگیان کەمترە لە پەیوەندییەکانی ناو کارگەیەکی ئۆتۆمبێل.

ریترز بەراوردی لەنێوان کۆمەڵناسانی ئەمریکاییو کۆمەڵناسانی ئەوروپاییو کەنەدی کردووە, دەڵێ ئەوروپییەکان سەرکەوتووترن لەقسەکردن لەو بابەتانەی ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی فراوانیان گرتۆتەوە, بەبێ ئەوەی واز لە زمانە زانستییەکەیانو ڕەسەنییەتی زمانەکەش بهێنن, هەروەها ئەوروپییەکان بەجورئەتترن لەوەی هێندە گرنگیان بەزاراوە پسپۆڕییەکان نەداوەو بەجۆرێك دەنووسن کە هەموو کەسێکی ئاسایی تێبگا. کاتێك باس لە کێشەکانی خەڵکی ئاسایی دەکەن نەك پسپۆڕانو بەس, لەو کۆمەڵناسە بریتانیانەش (ئەنتۆنی گیدنز)ە کە لەنەوەدەکان دوای بڵاوکردنەوەی چەندین بەرگی زانستی پسپۆڕی, باسی لە کێشەکانی کەسانی ئاسایی دەکرد وەکو, قسەکردنو سۆزو خۆشەویستیو کێشە سۆزدارییەکانو پەیوەندییە سێکسیەکانو....هتد.

رێتزر دەڵێ تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا هەموو کتێبەکانی

(گیدنزی) کۆکردەوەو لە چاکسازیکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن بەکاری هێنا, کە ئەمەش هۆکارێك بوو لەهەڵبژاردنو بەرزکردنەوەی بۆ لوتکەی دەسەڵات, لەبەرامبەر ئەوەشدا (گیدنز) پۆستی بەرێوەبەری زانکۆی لەندەن بۆ ئابووریو زانستە سیاسییەکانی وەبەرکەوت. و لە بارەگای سەرۆکی حکومەتی بەریتانیا لە داونگ ستریتو کۆشکی سپی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەکو میوانێکی بەرێز پێشوازی لێکرا.

## ناعەقلانیو عەقلانییەتی ماکۆدنالدی

بەشی دووەم باس لەدیاردەی ماکدۆنالدی دەکات ((Macdonaldization)) ناوێکە لەناوی ئەو زنجیرە چێشتخانە ئەمریکییە سەرپێیانەوە وەرگیراوە (ماکدۆنالد) ئەم بەشە رووبەرووی هەندێ بانگەشەی ئەو فرۆشگایانە دەبێتەوە کە (رێتزر) ناوی لێناوە (ناعەقلانییەتی عەقلانی) کە سیستەمی بەکاربردنو فرۆشتن لەو چێشتخانە ماکدۆنالدییەکان تازەیە, گوایە سیستەمێکی پێشکەوتوو پێشکەش دەکەن, کە تایبەتمەندی بەرزی هەیەو هاوگۆزەری پێشکەوتنو عەقلانییەتە.

ماکدۆنالد بانگەشەی ئەوە دەکات کە شێوازێکی چالاك پیادە دەکاتو کات کورت دەکاتەوە, لەگەڵ ئەوەشدا کالاو خزمەتگوزاری نایاب پێشکەش دەکاتو هەروەها حیساباتێکی دارایی هاوسەنگ هەیەو ئامێزیشی خستۆتە خزمەتی مرۆڤەوە.

بەلام ئەوەی کە هەیە بەتەواوەتی بەپێچەوانەوەیە, رێزگرتنە درێژەکان خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی خواردنەکەو دانی پارەکانیانو ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بۆ وەرگرتنی خواردن دێن لە پەنجەرەی خواردنگەکەوە رێزدەگرن بەڵگەی ناکاراییو ناچالاکی ئەو فرۆشگایانەن. هەتا لەحاڵەتی کۆگا سوپەرمارکێتە گەورەکانیش کە گوایە کڕیا رچی بوێ لەیەك وێستگەدا دەستی دەکەوێ, بۆ نموونە کۆگاکانی سوپەرمارکت لە فیرجینیا شانازی بەوە دەکات کە (45) هەزار جۆری بەروبووم دەخاتە روو, سەرباری خواردنگەو قاوەخانەو شوێنە خۆشگوزەرانییەکان. ئەمە بۆ کەسێك چالاکە شتی زۆری بوێ نەك بۆ کەسێ کە بەدوای ناندا دەگەرێو دەبێ رێگایەکی دوور ببرێ تا بەو لەتە نانە دەگات دواتریش رێز بگرێ بۆ دانی پارەکەی. بۆ نموونە نرخی پەرداخێك سۆدا (11) پنسە بەلام لەو کۆگایانەدا (85) پنسە, سەرباری ئەوەی ژمێرارییە ئامێرییەکان, کە بانکەکان تێچووی سەربارەکەی بۆ ئەو ژمێریارانە حیساب دەکات.

نووسەر نموونەیەکی تر دەهێنێتەوە کە لەگەڵ خێزانەکەیدا کە ژمارەیان چوار کەسە, لە پشوویەکی پێنج رۆژەدا بە گەشتێك هەڵدەستن بۆ (دیزنی لاند) دەڵێ ئەو کاتژمێرانەم ژمارد کە بەتەواوەتی لەیاریو چێژدا بەسەرمان برد, بینیم لەو پێنج رۆژەدا تەنها (7) کاتژمێر بەتەواوەتی چێژمان بینیوە بەتێچوونی (261) دۆلار بۆ یەك کاتژمێر, کاتەکانی تر بەهۆی گواستنەوەمان لە پاسێك بۆ پاسێکی ترو رێزگرتنی خواردن لە دەست چوون. بەلآم سەبارەت بە بەهاو تایبەتمەندییەکانیش دەڵێ حاڵەتی زۆر هەن بۆ فرۆشتنی وەهەم, فرۆشیار (کەرەی) بەچەندین ناوی خوازراو خستۆتە ڕوو وەکو (ماك کەرە) کە سوود لەناوی ماکدۆناڵد وەرگیراوە, یا کێکی کەرە کەچی (کەرە) ناچێتە ناو پێکهاتەی شتەوە, یا (قەلی بەستێنراو) کە تامی قەلی تێکراوە, چونکە تامەکەی خۆی لە پرۆسەی بەستاندنەکەدا لەدەست داوە, هەتا ئەو بەرووبوومانەی بۆ پاککردنەوە بەکاردێن کە گوایە بە لیمۆ بۆندار کراون, کەچی لیمۆ هەرگیز ناچێتە ناو پێکهاتەی شتەوە, دواتر ئەو فرۆشگایانە دەبینین چۆن پەیوەندی مرۆڤایەتی تێك دەشکێنن, بەلآم ئەو کڕیارانەی بەدەوامێکی بەشەکیو بە سیستەمێك کاردەکەن کە کارەکان بۆ ئەرکی جیاکار دابەش دەکات.

وا لەهەموو کەسەکان دەکات بۆخۆیان کاربکەن, و کار بۆ ماوەی پچڕ پچڕ دەرفەتیان ناداتێ بۆ یەکترناسین دواتر سیستەمی خزمەتکردنی خودو گۆڕینی کرێکارەکان ناهێڵی هاوڕێیەتی لەنێوان کرێکارو کڕیارەکان دروست ببێ.

ڕەنگە ئەو نەخۆشیانەی کە لەو خواردنگانەوە دروست دەبن بە تایبەت بەهۆی شەکرو خوێو تامو بۆیە دەستکردەکانەوە نموونەیەکی تری زیانەکانیانە. سەرباری ئەو پەڕانەی کە لە فرۆشگا ماکدۆناڵدییەکان بەکاردەبرێن, کە ساڵانە دەبێتە هۆی بڕینەوەی ڕووبەرێکی گەورەی دارستانەکان. هەروەها دەبینین کە چۆن مرۆڤایەتی مرۆڤ تێکدەشکێنێ و چۆن عەقڵی کڕیار رەت دەکاتەوە وای لێ دەکات ببێتە بەشێکی ساکار لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا, کە پێویستی بەبیرکردنەوەو لێهاتوویی نییە. بەرئەنجامەکانیشی بەئامادە نەبوونو دواکەوتنو هێواشی کرێکارەکانو ڕێژەی بەجێهێشتنی کارەکەیان دەست بە بەرزبوونەوە دەکات.

ڕەنگە باسکردنی کاری کرێکاری یەکێك لە کارگەکان نموونەیەکی جوان بێ کە دەڵێ: کاری من راوەستانە بەدرێژایی شەو بۆ ماوەی (8) کاتژمێر لە

ڕووبەڕێکی یەك مەتریدا بۆ هەموو خولێك بۆ هێڵی بەرهەمهێنان (32) کرێکار دەگەڕێتەوە, هەموو شەوێك (48) ئۆتۆمبێل دروست دەکەین, ئەگەر 32 کار, 48 جار, لەماوەی هەشت جاردا لەهەموو ئەم ژمارانەدا هەڵدەستین بەپاڵنانی دوگمەیەك.

## ناردنی کلتووری بەکاربردن

بەشی هەشتەم باس لە جیهانگیریو بەکاربردن دەکات. جەخت دەکاتە سەر ئەو گوتارانەی کە دەڵێ شێوازی بەکاربردنی باو دەستی بەسەر کلتوورو تایبەتمەندی گەلاندا گرتووە, و دەڵێ هەتا ئەگەر لقی خواردنگەو دامەزراوە ئەمریکایانە لە وڵاتە جیاوازەکان نەکرابێتەوە, ئەوە جۆری بەڕێوەبردنو شێوەو ئامرازەکانی ئەو دامەزراوانە لەو وڵاتانەدا هەمان ئەزموونی ئەمریکایە, بەڵکو ئەو کۆگایانەی کە دەڵێن ئێمە نیشتمانینو بە سەرمایەی خۆماڵی بەکاردەهێنینو کاڵای نیشتمانی دەخەینە ڕوو, ئەوە زۆر مەترسیدارترن لە بیانییەکان, کە زۆر ئەستەمە بەرهەڵستکارانی سەرمایەداریو جیهانگیری بتوانن ڕووبەڕووو بەرەنگاری ببنەوە, بەپێچەوانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ماکدۆناڵدو ناوە ئەمریکایەکانەوە, بەو سیفەتەی بەڕووبوومێکی بیانییەو بە ئامرازەکانیان کلتووری بیانی دەهێنن کە پەیوەستن بەوڵاتانی ترەوە. بەلاّم کارگە نێوخۆییەکان هەمان کلتوورو تەرزی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاواییین کە بانگەشەی نیشتمانی بوون دەکەن. بەکاربردنی ماکدۆناڵد تێڕوانینی هەندێ لەتیۆروانان پشت ڕاست دەکاتەوە کە پێیان وایە جیهانگیری وڵاتە نەتەوەییەکان بەهێز دەکاو لاوازیشیان دەکات.

بۆ نموونە ڕەنگە حکومەتی چینی بیەوێ ماکدۆناڵد لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە, بەلاّم ناتوانی خەڵکی لەبەکاربردنی ئەو شتانەدا قەدەغە بکا کە لەگەڵ شتەکانیاندا دەیبینن یا ئەو شتانەی کە لەڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنو وێستگە نەفرەتییەکانەوە دەیبینن, ئەگەر تێڕوانینە کە پێی وابێ کە زۆربەی سەرمایەی ئەو کارگە ئەمریکاییەکان لە دەرەوە کاردەکەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەمریکاو بەشێکیشی بۆ خەزێنەی ئەمریکا, ئەوە لێرەدا تێڕوانینێکی دژکار هەیە دەڵێ ئەو کارگانە بەدوور لەوڵاتی ئەمریکا کار دەکەن بەشێوەیەکی تر دەسەلاّتی بەسەر کاروبارەکاندا کزو لاواز دەکات. ڕەنگە زۆر شت بەهۆی ڕەواجی ماکدۆناڵدییەوە لەسەر حیسابی خودی وڵاتی ئەمریکا ڕوویدا, بالیۆزێکی ئەمریکی لەوڵاتێك دەچێ بۆ کردنەوەی یەکەم لقی

ماکدۆناڵدی لەو وڵاتە کە کڵاوێکی بیسبولی لەسەر کردبوو بە دروشمی ماکدۆناڵدی نەخشێنرابوو، لەناکاو گەنجێك کە کڵاوێکی هاوشێوەی بەدەستەوە بوو، لێی پرسی ئایا تۆ باڵیۆزی؟ باڵیۆزەکە وەڵامی دەداتەوە، گەنجەکەش داوا دەکا واژویەکی خۆی بۆ لەسەر کڵاوەکە بکا، باڵیۆزەکەش ئەوەی بۆ روون دەکاتەوە کە پێویست بەواژوو ناکا، بەڵکو ئەوە یەکەم جارە داوای واژووی لێ بکەن گەنجەکەش دەڵێ، بۆ پیشەیەکی جوان نییە کە باڵیۆزی ماکدۆناڵدیو بەجیهاندا بگەڕێیو لقی ماکدۆناڵد بکەیتەوە؟ باڵیۆزەکە دەڵێ، من باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانم نەك باڵیۆزی ماکدۆناڵد، گەنجەکەش بێ ئومێد بونی خۆی پیشان دەدا، دواتر باڵیۆزەکە دەڵێ: ئێستاش واژووت دەوێ؟ گەنجەکەش کڵاوەکەی دەگەڕێنێتەوە دەڵێ نا، سوپاس.

### سیحری بەکاربردنو بەرەنگاربوونەوەی

ریتزر بەقووڵی گفتوگۆی بیروباوەڕی کۆمەڵێك بیرمەند دەکات لەمەڕ کۆمەڵگای بەکاربەرو ڕەوشتی بەکاربەری، لەگەڵ ئەوەشدا بیروڕای هەندێ بیرمەندی تر لەسەر بەرەنگاربوونەوەی بەکاربردن. سەرەتا بە بیرمەندە فرنسییەکان دەست پێ دەکا کە تێڕوانینو بیروباوەڕەکانیان بووە هەوێنی بزوتنەوە خوێندکارییە بەناوبانگەکەی فرنسای ساڵی 1968 کە تا ئێستاش برەوێکی نایابی هەیە. ئەم بیرمەندانە وای دەبینن کە کۆمەڵگای بەکاربەر لەسەر فێڵو پێشکەشکردنی کاڵا لەچوارچێوەیەکی نزیك لە سیناریۆو فێڵ وەستاوە، ئەمانە کۆمەڵگا بە شێوەیەکی خۆشگوزەرانی نموونەیی دەردەکەوێ، نەك بەشێوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە لەسەر سەرکوتکردنو چەوساندنەوەی خەڵکی وەستاوە. ئەمەش بەئاستی خۆی تەحەدایەکی گەورەبوو بۆ شۆڕشگێرانەی کە درکیان بە گەندەڵی ئەو کۆمەڵگایە دەکرد. و لە تاکتیکی ئەو کۆمەڵگا ترسناکەدا کە پێداویستی دادەهێنێ پێش ئەوەی بەرهەمەکە بەرهەم بهێنێ، بەرهەمهێنەکان لەرێگای بڵاوکراوەو ڕاگەیاندنو هۆکارەکانی ترەوە قەناعەتێك لەلای خەڵکی دروست دەکەن کە پێویستییان بە شتێکی دیاریکراوە کە لە ڕاستیدا پێویستییان پێی نییە. بەم شێوەیە یەکەمجار پێویستبوون بەکاڵا دروست دەکەن دواتر کاڵاکە خۆی دروست دەکەن، و لە تاکتیکەکانی تر داهێنانی ئاهەنگو بۆنەو میهرەجانو جەژنە جیاوازەکانە. هەروەها پشت بەبڵاوکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لقو سەنتەری دابەشکردنی کاڵا دەبەستن.

گرنگترین ئەو بیروباوەڕانەی کە بەرەنگاری ئەو کۆمەڵگایانەی پێ

دەکرێتــــەوە جۆراوجــــۆرن, لەوانــــە تێڕوانینــی ئــەو بیرمەندانــە, بیرۆکــەی (کەرتبوونــە) کــە پــشت بەســتووە بــە لکانـــدنی لـــەو کۆمەڵگایـــەداو خـــۆ دەرخـــستنە لەلایـــەن ئـــەو تـــاك و گرووپانــەی کــە وەك بەشــەکانی تــری کۆمەڵگا لەو کۆمەڵگا بەکاربەرەدا دەژین, هــەروەها دەســت بکــەن بــە پیــشاندانی خاڵــە لاوازو قەیرانــەکانیان و نــاڕەزایی لەســەر دەربــڕن و هــەوڵی پەرەپێــدانی نیمچە شۆڕشێك بدەن لەدژی. بۆ نموونە کاتێك هۆکارێکی فێڵ و گاڵتــە پێکــردن دەدۆزنەوە کە کۆگاو فرۆشگا گــەورەکان لــە سیــستەمی نــرخ دانــان و فرۆشــتندا پیـــــادەی دەکـــــەن هـــــەوڵ بـــــدەن ئاژاوەگێرییەك لەدژی بوروژێنن.

هــەروەها دەتــوانن هــەڵس و کــەوتێك ئەنجام بدەن کە دژکار بێ بەو ئامرازو فێـــڵ و ســـیحرانەی لـــە فرۆشـــگاکان مومارەســەی دەکــەن. بــۆ نموونــە ئەگــەر فرۆشـــیارەکە نـــانی لـــە کۆتـــایی ســوپەرمارکیتەکە دانــا تــاکو کڕیارەکــە ناچار بکات بەلای هەمو شتەکانی تـردا تێبپــەڕێ, ئەوانــە دەتــوانن بــەرەنگاریان ببنـــەوە بـــەوەی کـــە لـــەدەرگای تەنیـــشتییەوە بـــچنە ژوورەوەو هـــانی ئــەوانی تــریش بــدەن بــۆ ئــەم کــارە, تــا سیستەمی فرۆشیارەکە خراپ بێ. لەو بیروباوەڕانەی تر کە دەکرێ بەرەنگاری کۆمــەڵگای بەکاربــەری پــێ بکرێتــەوە (یەکگرتنــە) لــە ڕێگــای بــەکارهێنانی دروشــم و هێمــاو وێنــەی ئــەو کۆگــاو فرۆشــگایانە لــە برەوپێــدانی بانگەشــەو ئایدیۆلۆژیای دژکار بەو سوپەرمارکتانە. واتــا رســتەو دروشمــەکان پێــچەوانە بکەنـــەوە تـــاکو دەبێتـــە بەڵگەیـــەکی نێگەتیف کــە دواتــر ئــەو کارگانــە ناچــار دەکات بە بەردەوام دروشم و هێماکانیان بگۆڕن تاکو دەبێتە هۆی هەرەسهێنانیان و بیرۆکـــەی ســـێیەم (دروســـتکردنی کۆمەڵگایـــەکی نابەکاربـــەرە) ئـــەوەش بـــەگێڕانی ئاهـــەنگ و یەکترناســـینی خــەڵکی و هاوڕێ و راکێشانی بیانییــەکان بــۆ بەشــداریکردن لــە بۆنــە نــا بازرگانیــەکان و لــە شــوێن و بــەهۆکاری دوور لە جێگا بەکاربەرەکان.

ریتــزر وای دەبینــێ کــە ئــەم تێڕوانینانــە ڕێگەی باشن بۆ تێگەیشتن لەلایەنــەکانی کۆمــەڵگای بەکاربــەر, بــەلام ئێــستا لەســـەردەمی ریتـــزر بارودۆخـــەکان زۆر گــۆڕاون, بــۆ نموونــە چــێژوەرگرتن و پڕکردنەوەی کاتەکان بەڕابواردن خۆیـان بوونەتـــە بەشـــێك لـــە بازرگـــانی و پیشەسازی بۆ نموونە شوێنی فرۆشگاکان خۆیــان بوونەتــە جێگــای رابــواردن, ئەمـــەش گۆڕانێکـــە لـــە پرۆســـەی بەکاربردندا, دواتر لاساییکردنەوە تەنها تایبەت نییە بە چینی نزم بەڵکو چینە بەرزەکان لاسایی نزمەکان دەکەنـەوە بـۆ نموونــە پۆشــاکی جینــز یــا برینــی قــژ

بەشـێوازی (بـانكس) كـە تایبەتـە بـە چـــینی كرێكـــار كەچـــی چـــینە دەوڵەمەندەكان لاسایی دەكەنـەوە, ئەمـە جگـە لـەوەی گرووپـە ئـەتنیو پیشەییە جیاوازەكـــان پـــەرەیان بەشـــێوازە تایبەتییەكانی بەكاربردن داوە.

لەبەشی كۆتایی كتێبەكەدا ریتزر وەسفی چێـــشتخانە ســـەرپێیەكانو كارتـــە دەســـــتیاوییەكانو پەیوەندییـــــە ئاسمانییـــەكانو زۆری تـــر لـــە شـــوێنو هۆكـارە بەكاربـەرەكان دەكا كـە هێزێكی زۆردارانەنو هەوڵ دەدەن دەست بەسـەر ژیانمانـــــدا بگـــــرن, بـــۆ خزمـــەتی بەرژەوەنـدی خۆیـان لـەبری ئێمـە بـیر دەكەنـەوە, هـەروەها هەڕەشـەن لەسـەر دادپەروەری كۆمەڵایـەتیو ڕمـانی مـرۆڤ, چێـــشتخانەیەكی وەك ماكدۆناڵـــد لـــە (115) وڵاتی دونیادا هەیە كـە كلتـووری گـەلێك دەگوازێتـەوەو كلتـووری گـەلێكی تر دەتوێنێتەوە, ئەمانە هەموویان بـەبێ ئاگاداری چاودێرەكان ڕوودەدەن.

نووسـەر دەڵـێ كۆلیـژەكانیش بەشـێوازی (مـاك) كاردەكـەن واتـە وانـە وتنـەوە پابەنـــدە بەكاتـــژمێری دیـــاریكراوو خوێندكارەكان یەكتر نابینن تەنها چەند سـاتێك پـێش یـا دوای وانـە نـەبێو هـیچ دەرفـەتێك بـۆ برەوپێـدانی پەیوەنـدی مرۆیی لەنێوان خوێندكارو مامۆستاو یـا خوێندكارەكان خۆیاندا نییـە, بـەڵكو زۆر پـــشت بـــە ئینتـــەرنێتو پۆســـتەی ئەلیكترۆنی دەبەستێ لە زانكۆكان ئاستی ئەم شێوازەی زیاتر كردووە.

هـەروەها وەرزش ئـەویش ئامرازێكـە بـۆ فرۆشـتنی كـراسو دیـاری یـا دەوەریو پیشەسازی ئەستێرەكان, هـەتا بڵاوكـراوە هەواڵییـەكان كـە CNN دوای داهێنـانی شـێوازی سـەردێری هەواڵـەكان وەكـو خواردنـــــــــە ســــــــەرپێیەكانی ماكۆدناڵدییـەكانی لێهاتووە, كـە زۆربـەی تەلەفزیۆنەكانی تر لاسایی دەكەنەوە.

# میتۆد
# لە کۆمەڵناسی سیاسیدا

و: ئازاد گڕاوی
حیکمەت نامیق

ئــەوەی مەعریفــەی زانــستی دیــاردە کۆمەڵایەتیـەکان جیـا دەکاتـەوە، ئەوەیـە کە مەعریفەیەکی بە میتۆد کـراوە، بـەو مانایـەی کـە تیـۆرو گوتـەو یاسـاکان لـە واقیعــی دیاردەکــان وەردەگرێــت بــە بەکارهێنانی ڕێگاو ئامرازەکانی میتۆدی زانستی لە تێبینـی کـردن‌و خوێندنـەوەو تاقیکردنـــەوەو بـــەراورد کـــردن، بـــەکارهێنانی میتـــۆدی زانــستی لـــە توێژینـەوەی کۆمـەڵگا، یارمەتیـدەر بـوو بـــۆ دروســـتکردنی گواســـتنەوەیەکی چـۆنایەتی ئەپـستمۆلۆژی، لـە میانەیـدا توێژینــەوە کۆمەڵایەتیــەکان بەگــشتی‌و سیاســـەت بەتایبـــەتی لـــە بـــواری لێکۆڵینـەوەی فەلـسەفی کـە دەسـت پـێ دەکـــات لـــە ئـــارەزووە خودیـــەکان‌و دەرکردنــی حوکمــە گــشتیەکان بــەبێ بەڵگە هێنانەوە، یان تەئکید کردنەوە لە ڕاسـتی‌و دروسـتی گواسـتنەوە بـۆ بـواری زانـستی کـە دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکان لـە پاڵەپەستۆی فکرەکانی پێشوو، مێژووی داسـتانی‌و فەلـسەفی ڕزگـار دەکـات، وەك شـتێك کــە بــوونێکی واقیعــی هــەبێت مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکـات، و هـەوڵی بـە عـــەقڵانیکردنی دەدات لـــە ڕوانگـــەی واقیعی بوونیدا.

بــەڵام ئــەم هــەوڵ‌و تێکۆشــانە بــۆ بــەکارهێنانی میتــۆدی زانــستی لــە توێژینــەوەی کۆمــەڵگا بەتــەواوی ڕێگــا خۆشــکەر نــەبوو، تــازەیی زانــستە کۆمەڵایەتیــەکان- بــە نــسبەت زانــستە سروشــتیەکان کــە پێــشتر میتــۆدی زانـــستیان بـــەکارهێنا بـــوو- ســـەدەی نۆزدەهـــەم ســـەدەی زانـــستە کۆمەڵایەتیـەکان بـوو بـەکردەوە لەسـەر دەستی ئۆگست کونت- ئەم دیاردانەی کە ئەم زانستانە توێژینەوەی لەسـەر دەکـەن ئـاڵۆزە، گۆڕانکـاری جۆراوجـۆر بەشـداری لە دروست کردنی دەکەن، ئاست تـەنگ‌و گومـانی دروسـت کـرد دەربـارەی مـەدای سودبەخــشی بــەکارهێنانی میتــۆدی زانستی لـە توێژینـەوەی کۆمـەڵگا، بـەڵکو گومـانی دروسـت کـرد دەربـارەی ڕاسـتی پێشخــستنی وشــەی (زانــست) پــێش (کۆمەڵناس) یان (سیاسەت)، بـە جۆرێـك تا ئێستاش هەندێك کەس گومـانی هەیـە لــە بــوونی زانــستە کۆمەڵایەتیــەکان، ئـەوەی کـە نـاوی دەنـێین تیـۆرو یاسـا کۆمەڵایەتیـــەکان، تـــەنها بەهـــەوڵێك

دادەنێن بۆ وێکچواندنی بە یاساو تیۆرەکانە لە زانست. زانستو ئەمەی لێدەردەهێنرێت لە تیۆرو یاساکان جیادەکرێتەوە بەوردیو کۆنترۆڵکردنو توانا بوون لە پێشبینی کردن لە کاتێکدا دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ئەم کارانە قبوڵ ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا گومانو ئاستەنگەکان دەستی کردووە بە گەڕانەوە بۆ دواوە, لەبەردەم میتۆدی زانستیو جێبەجێ کردنی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی پاشان لەزانستە سیاسیەکان بە شێوەیەکی تایبەتی, لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاگاداری ئەوەبین کەهەر باسکردنێك دەربارەی یاساو تیۆرە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکان. پێویستی ئەوەی لێ دەرنەهێنرێت کە ئەم یاساو تیۆرانە سیفەتیان وردیو یەقینییەو قبوڵی گومانو دووبارە چاوخشاندنەوە ناکات, بەڵکو پێویستە وەك گریمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت, بەردەوام کەلێنی گەورە هەیە لەنێوان مەعریفەی عەقڵیو واقیعی هەست پێکراو, ئەم کەلێنە رەنگە بۆ کەمو کوڕی مەعریفەی مرۆڤ بگەڕێتەوە یان کەمو کوڕی میتۆدی جێبەجێکراو, یان رەنگە بۆ ئیعتیباراتی ئایدۆلۆژی بگەڕێتەوە, میتۆدی زانستی تێدەکۆشێ بۆ بەر تەسك کردنەوەی ئەم کەلێنە نەك بەتەواوی لابردنی.

ئەم زانستە دەستی کردووە بەوەی کە بچێتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤو لۆژیکە تایبەتەکەی خۆی دەسەپێنێ, هەموو شکلی مەعریفەکانی تر لەرێگای خۆیدا دەجولێنێ میتۆدی زانستی بووەتە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوەیەکی گشتی.

فەراهەم بوونی کۆمەڵێك بنەماو بنچینەی تایبەت بە میتۆدی زانستی ناچارە بەیەك میتۆد وەربگرێت.

بەڵکو چەندین میتۆد هەیە, هەتا بە نیسبەت یەك زانست پەنا بۆ زیاتر لەیەك میتۆد دەبەین, میتۆد تەنها ئامرازێکە بۆ هێنانەدی بابەتیانەو گەیشتن بە حەقیقەت, لەسەر توێژەرە کە خۆی نەبەستێتەوە بە میتۆدێکی دیاریکراو بەڵکو ئەو میتۆدە بەکاربهێنێ, یان ئەو میتۆدانە بەکاربهێنێ کە زۆر گونجاون بۆ سروشتی ئەو زانستەی کاری تێدەکاتو, سروشتی ئەو دیاردەیەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات, مادام هەموو ئەم میتۆدانە پابەندن بە بنچینەکانی میتۆدی زانستی, بنەمای گشتی, نەك بە جوزئیات ئێمە کە زاراوەی میتۆدی زانستی بەکاردەهێنین, ئەمە تەنها بۆ جیاکردنەوەیەتی لەو میتۆدانەی کە زانستی میم, بەڵام گرتنەبەری میتۆدی زانستی زاتای گەیشتن بە یەقینی رەها ناگەیەنێ,

بەڵکو گومانو توانای گۆڕانو پێشکەوتن سیفەتی بنەڕەتی مەعریفەی زانستىیە ئەوەی بەسەردا دەڕوات کە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر مەعریفەدا دەڕوات، گرنگی گرتنەبەری میتۆدی زانستی بە چەمکە گشتیەکەی خۆی شاردۆتەوە لە جیاکاری میتۆدە نا زانستیەکان، دەربارەی ئەمە، کوهیلو ناجیل دەڵێن: میتۆدەکانی تر هەموویان جامدن، بەو واتایەی ئێمە نابینین کە هیچ یەکێك لەمانە دان بنێت بەوەی کە دەبێتە هۆی هەڵە، پاشان ئەمانە هەموویان دەستەبەری پێویست فەراهەم ناکەن بۆ راست کردنەوەی هەڵەکانی، بەڵام میتۆدی زانستی لەڕووی جەوهەریەوە جیاوازە لە میتۆدەکانی تر، کە هانی گومان کردن دەداتو یارمەتی گەشەپێدانی دەدات. ئەوەی کە دەمێنێتەوە پاش دووچارهاتنەوەی ئەم گومانە، بەردەم پشت بەستراوە بەباشترین بەڵگە، ئەگەر بەڵگەیەکی نوێ دەرکەوت، جەوهەری میتۆدی زانستی پێویستی بە لەخۆگرتنییەتی. یان وای لێ دەکات ببێتە بەشێکی تەواوکەر لەگەڵ ئەو مەعریفەیەی کە تائێستا هەیە. ئەم میتۆدە، کەواتە یارمەتی دەدات لەسەر پێش خستنی زانست، چونکە هەرگیز متمانەی بە ئەنجامەکانی نییە زیاتر لەوەی پێویستە ئاشکرایە ئەگەر ئەم گوتەیە پەسەند بکرێ لەسەر میتۆدی زانستی لە هەموو زانستەکان لە نێویدا ئەو زانستە سروشتیانەی کە مێژوویەکی درێژی هەیەو بنچینەو دیاردەکانی زۆرجێگیرو سەقامگیرە، لەلایەکیتر زۆر گونجاوە لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتیەکان. لەنێویدا زانستی کۆمەڵناسی سیاسی، کە نوێترین پەیمانەو دیاردەکانی زۆر ئاڵۆزە، یاساکانی زۆر توانای گۆڕانی هەیە ئیشکالیەتی میتۆدەکە بەپێشکەشکراوی دەمێنێتەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەك لەبەر تازەگەریو لەلایەکیتر لەبەر ئاڵۆزی دیاردەکانی، ((هنری بوانکاریە)) لەسەرەتای سەدەی رابردوو دەڵێت: ((زانستێکە ژمارەیەکی زۆری میتۆدو ژمارەیەکی کەمی ئەنجام لەخۆ دەگرێت)).

لەواقعدا یەك میتۆد لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا نییە ئەم میتۆدانە فرە دەبن بە فرە بوونی مەبەستو بوارەکانی کۆمەڵایەتیو ژینگەی کۆمەڵایەتیو، بەرژەوەندیو ئایدۆلۆژیاکان. ئەگەر ئامانجی میتۆدی زانستی لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان گەیشتن بێت بە حەقیقەت، ئەوا حەقیقەت لەو مەیدانەدا رێژەییە.

لەگەڵ ئەمەدا دەشی ئاماژە بەگرنگترین ئەو میتۆدانە بکەین کە لەتوێژینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا بە شێوەیەکی گشتیو توێژینەوە سیاسیەکان بە شێوەیەکی

تایبەتی جێبەجێ کرا, لەوانە میتۆدی پێوانــە کــە بــۆ وەرگرتنــی رای گــشتی دەربــارەی هەڵوێــستێك لــە هەڵوێــستە سیاســـیەکان یـــان کۆمەڵایەتیـــەکان جێبەجێ دەکرێت, میتۆدی توێژینەوەی حالەت ئەم میتۆدە زۆرجار بەکاردێت لە زانـــستی کۆمەڵناســـی مەعریفــــە بــــۆ توێژینـــەوەی ئایـــدۆلۆژیاو مەزهـــەبو توێژینــەوەی پارتــە سیاســیەکانو ئــەو کەسایەتیانەی خــاوەن پلــەو پایــەن لــە کۆمــەڵگا, هــەروەها میتــۆدێکی بــەراورد کردن هەیە کە چاکەی لە دانانی بنچینە ســەرەتاییەکانی دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــیبن خەلــدونو دورکهــایم, ئــەم میتــۆدە هەڵدەستێ بە بەراورد کردنی کۆمەڵگا بە کۆمەڵگایەك یان دیاردەیەکی سیاسی بــە دیــاردە سیاســیەکی هاوشــێوەی لــە کۆمەڵگایان بە کۆمــەڵگاکانیتر یان لەناو هەمان کۆمەڵگا لە ماوەیەکی کاتی دوور لەیــەك بــۆ پوختــە کــردنو دەرهێنــانی خــاڵی کــۆكو خاڵە جیاوازەکــانی نێــوان هەردوو حاڵەت. خاڵی کۆك لەم حاڵەتــە بریتییــە لــەو یاســا گــشتیانەی حــوکمی دیاردەکــە دەکــەن, لێــرەدا ئامــاژە بــەوە دەکــەین کــە زانــستە کۆمەڵایەتیــەکان بــەراورد کــردن بــەکاردەهێنن لــە بــڕی تاقیکردنــەوە کــە زانــستە سروشــتیەکان جێبەجێ دەکرێت. هەروەها میتۆدێکی مێــژوویی هەیــە کــە پێــی دەووترێــت ((میتــۆدی گەڕانــەوە)), ئــەم میتــۆدە بــــەکاردەهێنرێت بــــۆ توێژینــــەوەی دیاردەکــان یــان ئــەو رووداوانــەی لــە رابــردوو روویانــداوە, زانایــانی سیاســەت زۆر پێیــان بــاش نییــە پــەنا ببەنەبــەر میتــۆدی مێــژوویی چــونکە توێــژەر لــە واقعی دیاردەکە دوور دەخاتــەوەو بــەرەو خــەیاڵاتی مێــژوویی دەبــات. هــەروەها قوتابخانەی بڕیاردەران هەیە کە بایەخو گرنگـــی دەدات بـــە رۆڵـــی فاکتـــەرە ناوخۆییو دەرەکیەکان, کەسێتیو گشتی کە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاردەران, دەشێ ئاماژە بۆ قوتابخانەی رەفتاریو میتۆدی نمونەی میسالی بکەین کە ماکس ڤیبر بنچینەکانی داناوە, هەروەها ئاماژە بـۆ میتۆدەکـانی بونیادگـەری وەزیفـیو سیستەمی بکەین.

## دیاری کردنی چەمکەکان

شــوێنەوارەکانی دەرکــەوتنی زانــستی کۆمەڵناســی سیاســی, چــەندین پرســیار دەوروژێنرێــت دەربــارەی ئــەو شــتە تازانەی ئەم زانستە هێناویەتی, ئایا ئەو بابەتانەیــە کەئــەم زانــستە تــاوتوێی دەکات؟ یان میتۆدێکە باسی بابەتەکانی دەکات؟ هەروەك لە پێشوودا روونمان کــردەوە کــە بابەتــەکانی زانــستی کۆمەڵناســـی سیاســـی هـــەمان ئـــەو بابەتانەیـە کـە لەپێـشوودا توێژینـەوەی لەسەرکرا لە زانستی کۆمەڵناسی یان لە زانستی سیاسەت, ئەمەش مانای وایە کە

زانستی کۆمەڵناسی سیاسی تەنها وەك دەرەنجامی دەرکەوتنی بابەتە نوێیەکان کە پێویستی بە زانستی نوێیە دەرنەکەوتووە, بەلآم پاساوی دەرکەوتنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میتۆدە یان شێوازی نوێ توێژینەوەی بابەتەکان, تازەگەری زانستی کۆمەڵناسی تەنها بابەتەکە نییە بەڵکو میتۆدی جێبەجێ کراوە لە توێژینەوەی ئەم بابەتە, ئەویش میتۆدی بونیادگەری-وەزیفیە کە رەنگدانەوەی ئاراستەیەکی گشتییە لەلای زانایانی کۆمەڵناسی سیاسی, وای دەبینێ کە هەر توێژینەوەیەك بۆ دیاردەیەك یان رەفتارێکی کۆمەلآیەتی/ سیاسی زانستی نابێت تەنها ئەگەر مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگا کرا بە ئیعتباری ئەوەی یەکەیەکی گشتی پێکدەهێنێت.

پەیوەندی نێوان میتۆدی زانستو بابەتی زانست وەك ئیشکالیەتێك دەرکەوت بە تایبەتی لەو زانستە کۆمەلآیەتیانەی کە لەپێکهاتەی دیاردەکانی چەندین فاکتەری ئاینی, سیاسی, رۆشنبیری, کۆمەلآیەتی, ژینگەیی, مێژووی رۆڵ دەگێڕن, بەجۆرێك زەحمەتە لەم زانستانە سنورێکی جیاکەرەوە دابنرێت لەنێوان هەموو زانستێك, دەبێتە پرۆسەیەکی داماڵینی دیاردەکە لەبوارە کۆمەلآیەتیە گشتیەکەیو خستنەپاڵی بۆ زانستێکی کۆمەلآیەتی تایبەت هەروەك زیادەڕۆیی هەیە لە ئیعتیباراتی پسپۆری زانستی ئەکادیمی زیاتر لەوەی رەنگدانەوەی سەربەخۆیی هەندێ لەشێوازە کۆمەلآیەتیەکان لە هەندێکیتر بێت دەرکەوتنی زانستە کۆمەلآیەتیە بە لاوەکیەکان دەکەوێتە ژێر ئیعتباراتی میتۆدەکان زیاتر لەوەی بکەوێتە ژێر ئعتباراتی سەربەخۆیی بوارەکانی هەندێ لەم زانستە لەگەڵ زانستەکانیتر, دەربارەی ئەمە بیرسون دەڵێ: (( یەکبوونی هەر زانستێك دەدرێتە پاڵ بۆ میتۆد نەك بابەت, واقعەکان لە خودیدا زانست دروست ناکات, بەڵکو لە رێگای میتۆد ئەم واقعانە چارەسەر دەکرێن)) دەشێ بوترێت زانستی کۆمەڵناسی سیاسی حەقیقەتەکەی لە ئاراستەیەکی گشتی وەردەگرێت کە دەستی کردووە بە دەست بەسەراگرتنی توێژە کۆمەلآیەتیەکان کە ئەویش یەکبوونی کۆمەڵگای گشتیە, واتا سەیرکردنی کۆمەڵگا وەك کۆمەڵگایەکی تەواو یان کۆمەڵێك رەگەزی تێکەڵە, سیاسەتو ئایینو رۆشنبیریو ئابووری ئەمانە هەمووی دیاردەی جۆراوجۆری هەمان کۆمەڵگان, کە لەنێوانیاندا پەیوەندیەکی پشت پێ بەستنی ئاڵوگۆڕکراو هەیە بەجۆرێك زەحمەتە تێ بگەین یان راڤەی دیاردەیەکی سیاسی بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆ بینای کۆمەلآیەتی کە

دیاردەکــەی تێــدا دەرکــەوتووە، کــە مومارەســـەی بـــوونی دەکـــات وەك پەیوەندیەکانی هێزو کۆنترۆڵ کردن یان شـێوەکانیتری کـاری سیاسـی، دەربـارەی ئەمــە مورتــون کــابلان دەڵـێ: ((لــە توانامانـــدا نییـــە زۆربـــەی بڕیـــارە سیاســـیەکان شـــی بکەینـــەوە بـــەڵام توێژینەوە دەکەین پەیوەندیەکانی نێوان بڕیـــارە تـــاك رەویـــەکانو سیـــستەمە کۆمەڵایەتیـەکانو سیـستەمە لاوەکیـەکان کــە لــە چوارچــێوەیدا کاردەکـــات،و بارودۆخی ژینگەکە تەحەکوم دەکات بە هەڵبژاردن)).

لێـرەدا رێکـەوت نییـە کـە دەرکـەوتنی زانـــستی کۆمەڵناســـی سیاســـی وەك زانستێکی سەربەخۆ هاوکات بووە لەگەڵ دەرکـەوتنی میتۆدەکـانی بونیادگـەراییو شێوازو وەزیفی کە ئەم میتۆدانە لەیـەك بنەما سەرچاوەیان گرتووە، کە ئـەویش ئەوەیـە کۆمـەڵگا یەکەیـەکی گشتی پێـك دەهێنێـت، لەناویـدا بونیـادێکی هەیـە ئـەكو رۆڵـەکان دابـەش دەکاتو کارلێـك دەکـاتن چـە بـەململانی یـان هاوکـاری بــەڵام ئەمــە لەچوارچــێوەی بونیـــادی گشتی. ناکرێ هەر لایەنێك لەلایەنەکانی کۆمــەڵگا تــێ بکــەین بــەبێ بەســتنەوەی بـەبونیادی کۆمەڵایـەتی بەگـشتی، ئـەم ئـــارەزووو خواســـتە بونیادگـــەراییو وەزیفیو سیستەمییە لەبواری سیاسی لە ســـییەکانی ســـەدەی رابـــردوو بـــەرەونی دەکەوت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییـەکان، پاشان غـەزووی توێژینـەوە سیاسـییەکان، لەناوەڕاسـتی سـەدە لەگـەڵ جـەنگی دووەمـی جیهـانیو ئـەوەی لێـی کەوتـەوە لـە کێـشە ئـابووریو کۆمەڵایەتییـەکان پاشـان دەرکـەوتنی جیهـانی سـێیەم کـە تایبەتمەنـدێتی سیاســیو پەیوەنــدی قووڵی بە رۆشنبیری کۆمەڵگاکانو رەوشە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی دەرخست.

هەروەها پاش رووداوەکانی ساڵی 1968 لە فەڕەنساو ئەوەی بـووە هـۆی لـەرزینی سیـستەمی سیاسـی فەرەنـسی، هـەروەها دەرکــــــەوتنی بزووتنـــــــەوەکانی رەگەزپەرستیو توونـدوتیژیو بزاڤەکانی پاراســتنی ژینگــەو بزاڤــی ئافرەتــانو قوتابیان، کۆچ کـردن لـە لادێ بـۆ شـارو، گرفتــی هــەژاری لەشــارە گــەورەکانو پایتەختـەکان، توونـدڕەوی ئـایینی یـان نەژادی، چەندین گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، تەحەددییەکی بەسەر سیستەمی سیاسی ســەپاند کــە لەمــەوپێش نــەبووە. لەبەرئـەوەی ئـەم میتۆدانـە سـەرەتا لـە بـــواری توێژینـــەوە کۆمەڵایـــەتیو ئەنترۆپۆلۆجیـــەکان دەرکـــەوت، لەداهاتوودا پێناسەی دەکەین لەسۆنگەی بەشــداری دامەزرێنــەرە پێــشینەکانی پاشـان ئیجتیهـادی بـۆ بـەکارهێنانی لـە توێژینــەوە سیاســییەکان. بنیاتنــانی وەزیفــی لــە تیــۆرە کۆمەڵایەتییــەکان دادەنرێـت یـان بـە چوارچێوەی میتـۆدی

تیــۆری نــویێ بەشــێوەیەكی رێــژەیی دادەنرێــت، تێدەكۆشــێ بــۆ شــیكردنەوەی واقیعــــی كۆمەلاّیـــەتی یـــان كـــاری كۆمەلاّیـەتی بـەو ئیعتیبـارەی بونیادێكـە لەناوەوەیـدا كارلێـك دەكـات یـان ئـەو رۆڵەی دەیگێرێت لەناو بونیاد.

لەسەرەتادا ئاماژە بەوە دەكەین كە ئەم میتۆدانـــە یـــان چوارچـــێوەكان بـــۆ شـــیكردنەوەی لـــەجێگای لێكۆڵینـــەوەی مەیـدانی نییـە بـەڵكو هاوكـارو یارمـەتی دەریەتی.

ئەوەی تێبینی دەكرێ سەرەتا تێكەڵبوون یــان ناڕوونییـــەك لـــەنێوان چـــەمكەكان گوتەی گشتی دەگرێتـە خـۆ وەك بونیـاد، وەزیفە، سیستەم.

دەبیـــنین هەنـــدێ كتێـــب وەك میتـــۆد مامەڵە لەگـەڵ بونیادگـەری دەكـەن، یـان فەلـــسەفەیەكی هـــەبوو لەخودیـــدا، كـــە گوتەی هەیە پێشەنگەكانی، ئامرازەكانی شیكردنەوەی، لەكاتێكدا كەسانی تر باس لــە بونیادگـــەری وەزیفـــی دەكـــەن وەك میتۆد یان یەك تیۆری شیكردنەوە بـەلاّم ئاراســـتەی ســـێیەم ئەمـــە ســـەرباری بنیاتنـــانو وەزیفـــە كـــە میتـــۆدی سیـــستەمییە كـــە سیـــستەم یـــان شـــیكردنەوەی سیتـــسەمی بـــەمیتۆدێكی سەربەخۆ دادەنرێت، ئەمە لەلای تـالكوت بارسۆنز دەبینین كە سەر بە ئاراستەی بونیادی وەزیفی (میرتـون) كە دژی ئـەم ئاراســـتەیە بـــوو. هـــەروەها بـــووە بانگـــــەوازیكارانی شـــــیكردنەوەی سیستەمیو ڕەخنـەگری تیـۆری وەزیفـی، كە گرنگترین پێشەنگ بـوو لـە ئـەمریكا، دەڵێ:

((لەدیـدی مـن نـاوی وەزیفـی-بونیـادی گونجـاو نییـە لەگـەڵ ئـەم رۆژگـارەدا)) لەدیـــدی ئـــەو لـــەجیاتی ئەمـــە (شـــیكردنەوەی سیـــستەمییە) واتـــا سەیركردنی دیاردەو شتەكان لەمیانـەی رێكخستنو شێوازەكانی، واتا سەیركردنی وەك سیـستەمەكان، پێناسـەی سیـستەمی كۆمەلاّیەتی كـردووە دەڵێ: ((سیـستەمی كۆمەلاّیەتی گوزارشتە چالاك كـاران یـان زیـاتر هەریـەك لەمانـە ناوەنـدێك یـان پێگەیـەكی جیـاواز لـەوانی تـر داگـیر دەكـــەنو رۆڵێكـــی جیـــاواز دەگێـــڕن گوزارشتێكە لـە شـێوازێكی رێكخـراو كـە حـوكمی پەیوەنـدی ئەندامـەكان دەكـات، وەسـفی مـافو ئەركـەكانیان بەرامبـەر هەندێكیانو چوارچێوەی بێسورانگ یـان بـــەها هاوبەشـــەكان دەكـــات ســـەرباری شـــێوازە جیاوازەكـــانی رەمـــزو بابەتـــە رۆشنبیرییە جیاوازەكان)).

لەواقیعدا لـەبواری لێكۆڵینـەوەی زانـستی كۆمەلاّیـــەتی زەحمەتـــە بەتـــەواوی جیـــاوازی لەنێوانیانـــدا بكـــەین، بونیادگەری بانگهێشتی وەزیفی دەكاتو ئەمـەی دوایـی دركـی پـێ ناكرێـت تـەنها لەمیانـەی بـوونی بونیـادی كۆمـەڵگا، هـەمان شـت بـە نـسبەت سیـستەم كـە

بەردەوام هاوتای شیکردنەوەی بونیادی- وەزیفی دەشێ بووترێت چەمکەکانی بونیاد, وەزیفەو سیستەم چەندین ڕەگەزی سەرەکی بۆ یەك میتۆدی شیکردنەوە پێك دەهێنێت کە ئەویش شیکردنەوەی بونیادی- وەزیفییەئەو هاوکێشەی نیزام ئەم سێ چەمکە بەیەك دەبەستێتەوە بریتییە لە بونیاد+ وەزیفە= سیستەم. سیستەم ئەو وەزیفانەیە کە بنیاتنان بەجێی دەگەیەنێت ئەوەش الفن غولدنر پێی گوتووە کاتی ووتی: ((بنەمای فکری بۆ شیکردنەوەی وەزیفی لەزانستی کۆمەڵناسی, چەمکی سیستەمە کە مانای ئەوەیە کۆمەڵێك ڕێکخەر هەموو ڕەگەزەکانی بەشداری دەکەن بەشێوەی جیاواز بۆ گەیشتن بەیەك ئامانج, هەندێك لەسەر هەندێکیان دەوەستێت, سیستەم لە کۆمەڵێك سیستەمی لاوەکی پێك دێت)).

سەرباری تێکەڵی ئەم سێ چەمکەی ئاماژەی بۆ کرا. ئەوانەی دەڵێن شیکردنەوەی بونیادی- وەزیفی پشت بە (نموونەکان) دەبەستن وەك ئامرازێك لە شیکردنەوە, ئەمە باوکی بونیادگەری نوێ لیفی شتراوس ڕوونی کردۆتەوە کە لە پرەنسیپێکی بنەڕەتی دەستی پێکردووەو دەڵێ:

((چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتی دانارێژرێ لەسەر واقعی ئەزموونی بەڵکو دادەرێژرێت لەسەر ئەو نموونانەی دروست دەبێت کە هەڵقوولاوی ئەم واقعە بێت.

هەندێ جار ئەم تێکەڵییەی نێوان زاراوەکان هۆکارێك بووە لە ورووژاندنی شاراوەیی و ئالۆزی دەربارەی ئەم میتۆدەوی شیکردنەوە, بێگومان ئەم شاراوەییە بۆ تازەیی ئەم میتۆدو کەمی ئەو توێژینەوانە دەگەڕێتەوە کە بەکردەوە جێبەجێ دەکرێ و پشتی پێ دەبەسترێت, سەرباری ئەوەی کە دامەزرێنەرە پێشینەکانی زاراوەکانیان بە ووردی دیاری نەکردووە, بەتایبەتی تالکوت بارسۆنز, دەربارەی ئەمە جورفیتش دەڵێ: ئێمە ئەم زاراوانە دەبینین وەك (سیستەمەکان), (بونیادەکان), (دامەزراوەکان) هەر یەکێك لەمانە بە ئەوی تر دیاری دەکرێت هەر یەکێك لەمانە دەگوترێت بۆ ئەوی تر بەڵکو بارسۆنز لەلایەك تێکەڵی دەکات لەنێوان type بەو مانایەی کە لەلای ڤیبر بەکارهێنراوەو لەنێوان بونیاد structure, لەلایەکی ترەوە جیاوازی لەنێوانیان دەکات.

ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بارسۆنز نەیتوانیوە کە دیاری بکات بەوردی, هەروەها ئەوە دەردەخات کە نەیتوانیوە درك بەواقعی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی بکات لەرووی جۆرو دینامیکی لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەم

میتۆدەی شیكردنەوە دادەمەزرێت لەسەر گریمانەیـــەكی پڕەنـــسیپی كـــە ناوەڕۆكەكـەی كۆمـــەڵگا كوزارشـتە لـە سیـستەمێكی پێـك هـاتوو لـە كۆمـەڵێك سیـــستەمی كۆمەلآیـــەتیو شـــێوازی دیـاریكراوی رۆشـنبیری, ئـەم سیـستەمە كۆمەلآیەتییانـــــە ملكەچـــن بـــۆ رێكخـستنێكی دیـاریكراو, شـێوازەكانی كـاری كۆمەلآیـەتی بونیـدنراو لەسـەر هەرەمی تایبەت بـەخۆی, لەپێداویستیو بەرژەوەندییـــەكانی مـــرۆڤ, پـــشت دەبەســـتێت بـــە ســـۆزی بـــەهێزو نوێنەرایـەتی بەرجەسـتەكردنی بـەها كۆمەلآیەتیو رۆشنبیرییەكان دەكات, كە ئـامێری مـاددیو عـەقڵیو روحییـە كـە پەیوەندییـەكی بـەتینی بـە سیـستەمە كۆمەلآیەتییەكان هەیە, واتا شێوازەكانی رۆشنبیری پەیوەندی هەیـە بـە داڕشـتنی سیـــستەمی كۆمـــەڵگا, دەشـــێ بینـــای كۆمەلآیـــەتی كۆمـــەڵگا شـــی بكرێتـــەوە لــەژێر تیــشكی نــاوەڕۆكی سیــستەمی رۆشـنبیری لـە كۆمـەڵگا بەگـشتی, ئـەم بیناكردنـــە سیـــستەمەكە چـــەندین سیـستەمی لاوەكـی لـەخۆ دەگـرێ بـەلآم لـەڕووی رۆڵـەكان كـە لەچوارچـێوەی گـشتیدا بـــەجێی دەگـــەینێ پێكـــەوە بەسـتراوە كارلێـك كـراوە, لێـرەدا رۆڵـی شـیكردنەوەی بنیاتنـانی-وەزیفـی پـشت نابەستێت بـە دیـاردە جوزئیـەكان بـەڵكو بـە راڤـەكردنی دیـاردە گـشتگیرەكان بـۆ تێگەیـشتنی كارلێـك كـردنو پاڵپـشتیو پـشت پـێ بەسـتنی ئـاڵوگۆڕكراوی نێـوان پێكهاتـــە جیاوازەكـــانی كۆمـــەڵگاو رۆشنبیری.

بـەلآم ناشـێ بـاس لـە وەزیفـەو شـێواز بكرێـت بـەبێ بـوونی ئـەو بونیـادەی وەزیفـەو سیـستەمەكان وەردەگـرن, پێویـــستە لەســـەرەتادا پێناســـەی بونیادگەری بكوین.

**بونیادگەری** Structuralisme

بنـچینەی وشـەكە لـە وشـەی structure دێت بەمانای پێكی هێناو دروستی كـردو دای مەزرانـد, بـەلآم واتـای زاراوەیـی كـە فەیلەســـووفەكان پێیـــان گوتـــووە ناوەڕۆكەكـــەی ئەوەیـــە بونیادگـــەرایی مامەڵـــە دەكـات لەگـــەڵ شـــتێك بـــەو ئیعتیبارەی (بونیـاد)ی هەیـە واتنـا نـەك نـــەبوونی شـــێوە, وە سیـــستەمێك یـــان شـێوازێك پێـك دەهێنێـت كـە سیـستەمی تایبەت بـەخۆی هەیـە لـەڕوی پێكهاتـەو هاوگونجـانی نـاوەكیو ئـەو یاسـایانەی رێكی دەخاتو رێگە بە بەردەوام بوونی دەدات, تێدەكۆشـــن لـــە میانـــەی میتۆدەكانیـــان لەمامەڵـــەكردن لەگـــەڵ شـتەكان بـۆ رزگـاربوون لـە ئایـدیۆلۆژو هـــەموو كاریگەرییـــە دەرەكییـــەكان لەنێویـــدا مێـــژوو كـــە وەســـفو راڤـــە دەبەخـشێتە واقعـی كۆمەلآیـەتی كـە لـەخودی واقعـە هـەڵ،ەقوولآبێت. بونیـاد وەك رەوتێكـی فەلـسەفی لەلایـەك بـۆ

بەرهەڵستکردنی وجودییەتو لەلایەك بۆ بەرهەڵستکردنی مارکسییەت هاتووە, بەڵام بوونگەراکان رەتی دەکەنەوە وەك فەلسەفە پۆڵێن بکرێن. بەڵکو وای دەبینن کە (بونیاد) مێژوویەکی درێژی هەیە, وە یەك لەو وانانەی دەشێ لەم مێژووە وەربگیرێت ئەوەیە کە بونیاد ناکرێ ببێتە مەزهەبێك یان فەلسەفەیەکی تایبەت...بونیاد میتۆدێکی بنەڕەتییە بەهەموو ئەو واتایەی کە ئەم گوزارشتە لەخۆی دەگرێت. چاکەی تیشك خستنە سەر گرنگیو بایەخی شیکردنەوەی بونیادگەری دیاردەکان دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی زمانەوانی, لەپێناسەی بونیاد دەبینین (دی سوسیر) کە یەکێکە لە کۆڵەگەکانی توێژینەوە زمانەوانییەکان بونیاد کورت دەکاتەوە لەوەی کە سیستەمێکە تەنها سیستەمی تایبەت بەخۆی دەناسێ.

هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد بونیادگەری سەرنجی زانایانی ڕاکێشا لەرەوتە جیاوازەکان, کە بووە ڕەوتێك کە زانایانی لەبوارە جۆراوجۆرەکان لەدەوری خۆی کۆکردەوە.

بەم شێ,ەیە جان بیاجیە پێناسەی بونیاد دەکات. (بونیاد شێ,ازێکە لەو گۆڕانکارییانەی کە یاسای تایبەت بەخۆی هەیە بەو مانایەی شێوازێکە- لەبەرامبەر تایبەتمەندییە جیاکارییەکان, رەگەزەکان- زانراوە کە ئەم شێوازە لەبارەی دا بەردەوام بێتو دەوڵەمەند بێت بەهۆی ئەو رۆڵەی کە ئەم گۆڕانکارییانە پێی هەڵدەستن, بەبێ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لەسنووری ئەم شێوازە بچێتە دەرەوە, یان ڕەگەزی تر بخاتە ڕوو کە لەدەرەوەی بێت,لەهەمان بواردا لیفی شتراوس بونیاد پێناسە دەکاتو دەڵێ: بونیاد پێش هەموو شتێك مۆرکی سیستەم وەردەگرێت. بونیاد پێ: دێت لە کۆمەڵێك ڕەگەز کە لەباری دایە یەك لەو ڕەگەزانە بخاتە ڕوو, لەگەڵ ئەوەش گۆڕانکاری لە رەگەزەکانی تر فرێ بدات. لەم پێناسانە ئەم ئەنجامانەی لێ دەردەهێنرێت, هەموو بونیادێك سێ تایبەتمەندی هەیە, هەمووەکیو گۆرانەکانو رێکخستنی خودی, رەگەزە جوزئییەکان مانا لەخودیدا بەدەست ناهێنێتو جیاوازو تاکە, بەڵکو ماناکەوی بەدەست دەهێنێت لەکاتی پەیوەست بوونی بە سیاقی گشتی یان سیستەم, بونیادگەراکان گرنگی نادەن بە جوزئیاتی تاك بەڵکو میتۆدەکەیان لەسەر بنچینەی مامەڵە کردنە لەگەڵ کۆمەڵگا لەسەر ئەو بنچینەی کە کۆمەڵگاو مرۆڤو رۆشنبیری گوزارشتە لەو پەیوەندییانەی رەگەزە جۆراوجۆرەکان کۆ دەکاتەوە, کە جێگیرو بابەتییە, تاکەکان سەری لێ دەرناکەن, جێگیرە لە چوارچێوەی گشتی, بەو

واتایەی ئەو گۆڕانكاریانە دەناسیٚ لەناو سیستەمە لاوەكییەكان بەلاّم ئەم گۆڕانانەی سیستەمە لاوەكییەكان كاریگەری نییە لەسەر سیستەم- بونیادو ریٚكو پیٚكی خودییە كە نەشیٚویٚنیٚت.

## بونیادی لیڤی شتراوس

شتراوس بە گرنگترین بونیادگەرەكان دادەنریٚت ئەوانەی پیٚگەیان بە بونیاد بەخشی وەك رەوتیٚك كە بانگەشەی زانستی دەكەن لە تویٚژینەوەو تیٚگەیشتنی واقعی كۆمەلآیەتی, لە بنەڕەتدا تویٚژینەوەكەی دارشتووە دەربارەی سیستەمەكانی خزمایەتیو داستانەكان. شتراوس وای دەبینیٚ كە بونیاد ئامرازیٚكی میتۆدییە یارمەتی دەدات لە تیٚگەیشتنی دیاردەكان لە میانەی سەیركردنی واقع وەك (بونیاد) هەموو شتیٚك-كەسیٚتی, دەستە-كۆمەلگا, رۆشنبیری...تاد ئەگەر نەبیٚتە تیٚكچوونی شكل, بونیادی هەیە. بەلاّم تاوەكو یونیادیٚك بۆ دیاردەیەك هەبیٚت پیٚویستە چوار مەرج هەبیٚت كە ئەمانەن:

1- دەبیٚ رەگەزەكانی ئەم دیاردە پەیوەندییان لەنیٚوانیدا هەبیٚت, واتا (شیٚوازیٚك) یان (سیستەم). كە چەند بنچینەیەكی دیاریكرا (حوكمی رەگەزەكان دەكات).

2- كاریگەری ئالوگۆڕكراو لەنیٚوان رەگەزەكانی دیاردەكە, بەجۆریٚك هەر گۆڕانكارییەك ڕوودات لەیەكیٚ لە رەگەزەكان كاریگەری دەبیٚت لەسەر هەموو ڕەگەزەكانی تر, بەو مانایەی بونیادی بنەڕەتی لەتوانای دایە هەموو بنیاتە نوێیەكان لەخۆ دەگریٚت لەگەلّ هەموو گۆڕانكارییەك كە بەسەر ڕەگەزەكانی دادیٚت.

3- توانابوون لە پیٚشبینی كردن كە ئەنجامی هەبیٚت لەسەر بنیات.

4- مەرجە لە (بونیاد) كە شویٚنی لیٚكۆلّینەوە هەمە لایەن بیٚت بۆ زۆربەی ئەو واقعە تیٚبینی كراوانەی پەیوەستە بە دیاردەكە.

لیٚرەدا ئاماژە بەوە دەكەین كە شتراوس كاتیٚ باس لە دیاردە كۆمەلآیەتییەكان دەكات وەك شتەكان یان فكرەكان سەیری ناكات بەلّكو وەك بونیادەكان لە میانەی گرنگی پیٚدانە ئەپنۆلۆجییەكمانی بەتایبەتی تویٚژینەوەكانی دەربارەی پەیوەندییەكانی خزمایەتی گەیشتە قەناعەتیٚك كە ئەم پەیوەندییانە ئەوەیە: ((تاكە سیاقە كە چەمكی بونیادی تیٚدا دەدرەوشیٚتەوە)). ئەم پەیوەندییە كۆمەلآیەتییانە ماددەی یەكەمی بەكارهاتووە لە دارشتنی ئەو نموونانەی بونیادی كۆمەلآیەتی ڕوون دەكاتەوە.

شـتراوس پـشتی بـە شـێوازەکان یـان نموونەکان بەستووە لەسەر ڕێگای ڤێبەر لە شیکردنەوە بونیادی، بەجۆرێك وای دەبینـێ کـە بونیـادی کۆمەڵایـەتی وەك چـەمکێکی بنـەڕەتیو مەرکـەزی لـە میتـۆدی بونیادگـەری تـەنها لـەواقعی ئـەزموونی خـۆی نەشـاردۆتەوە بـەڵکو نموونـەی دروسـت بـووی ئـەم واقعەیـە، تـاوەکو دڵنیـابین لـە دروسـتی واقعەکـە دەبـێ دەسـت پێبکـات لـە بونیـادی ناهۆشیاریو دیاری نـەکراو بـۆ تاکـەکان کە خـۆی دەردەخـات لەمیانـەی ڕەفتـاری تاکـەکانو دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـەکانی کـــە هـــەڵی دەســـەنگێننو ئـــەو پەیوەندییانــەی بــەبێ ویـستی خۆیـان دەچـنە ناوییـەوە، وای دەبینـێ کـە پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان مـاددەی یەکەمی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاوێتـەو پێکهێنـــانی نموونـــەکان بونیـــادی کۆمەڵایـەتی دیاردەخـاتو بونیـاد وەك شێوازێکی رووکەشی ئامادە لە بابەتەکە دەمێنێتەوە.

بـەڵام زانـا پابەنـدە بـە دۆزینـەوەی لـەڕێگای دروسـتکردنی نموونـەکان کـە ڕوونـی دەکاتـەوە. لەدیـدی ئـەو نوێنەرایـەتی (واقعـی ئـەزموونی) دەکات کـە تێبینیمـان لەسـەری هەیـە بـەڵام (واقعـی زانـستی) نادیـار دەبـێ کەشـف بکرێـت ئـەوەی لەپـشت بەخـشکراوە راســـتەوخۆکانو ئـــەوەی لەپـــشت پەیوەندییـە دیـارو ئاشـکراکاندا هەیـە، نـاکرێ بەمـە بگـەین مەگـەر بـەهۆی پرۆسەی بنیاتنانی هەڵێنجان بۆ هەنـدێ نموونەی ڕووت نەبێ.

بەم شێوەیە ئەو ئامرازە میتۆدییەی کە شـــتراوس بـــەکاری دەهێنێـــت بـــۆ توێژینـــەوەی بونیـــاد نموونەکانـــە، مەعریفـــەی زانـــستی بـــۆ واقعـــی کۆمەڵایـەتی تـەنها بـە توێژینـەوەی بونیـادە کۆمەڵایەتییـەکان لەمیانـەی نموونەکان دەست دەکەوێت، چونکە ئـەم بونیادە لە دیدی ئەو دەرناکەوێت لەسەر ئاستی واقعی دیارو ئاشکرا بەڵکو لەسـەر ئاستی نموونەی تیـۆری بـەو ئیعتیبـارەی سیـستەمی کێـشەکانە، واتـا یاسـاکان لەناوەوەیـدا پەیوەندییـەکان پـێکگ دەهێنێت لەسـەۆ شـێوەیەکی دیاریکراو شـتراوس وای دەبینـێ کـە زانـاو توێـژەر لەئاوێتـەو پێکهێنـانی نموونـەکان بەمەبەسـتی دەرخـستنیو دۆزینـەوەی بونیـــاد بـــە دوو قۆنـــاغی میتـــۆدی تێدەپەڕێت:

أ- قۆناغێك کە ناوی دەنێت ئەسنۆگرافیا کە لەمیانەیدا کە بێ لایەنانـە وەسـفی واقعـەکان دەکـات، و بـەبێ تێڕوانینێکـی پێش وەخت بـۆ بابـەتی لێکۆڵینـەوە کە کۆی دەکاتەوە.

ب- قۆناغێـــك کـــە نـــاوی دەنێـــت ئـەتنۆلۆجی، کـە توێـژەر هەڵدەسـتێ بـە پرۆسەی پاککردنەوەی واقع بـۆ ئاوێتـەو

پێکهێنــانی نموونــەکان کــە بەســانایی‌و گونجـاو هەمــە لایــەن وەســف دەکرێــت, هەرچـەند توێـژەر زیـرەك‌و سـەرکەوتوو بێــت ئــەوا نموونــەکانی باشــتر‌و بــاوەڕ پێکراو دەبێت لە تێگەیشتنی بونیـاد لـە کتێبەکەی (تەوتەمیەتی سەرەمی لەئارا) شـتراوس وەسـفی میتـۆدی بونیادگـەری دەکات بە مانە:

یەکەم: لەسەر مرۆڤ پێویستە حەقیقەتە جیاوازەکان کۆ بکاتەوەو شییان بکاتـەوە پاشان ڕێکی دەخات لە لیستێکی گشتگیر.

دووەم: پەیوەست بوونە ئاڵوگۆڕکراوەکان دیـاری بکـات لـەنێوان حەقیقەتـەکان پۆلێن کردنی لە کۆمەڵەکەو دیاریکردنی پەیوەستییە ناوخۆییەکانی.

سێیەم: بەشەکان لەیەك قەوارەدا ئاوێتـە بکات واتا ڕەگـەزە دیاریکراوەکـان لەیـەك سیـستەم, بەمــە بــەم شـێوە بابــەتێکی لێکۆڵینەوەی کامڵ بەرهەم دێت.

پوختــەی قـسان بونیادگــەری ســەرەڕای شاراوەیی‌و نادیاری بەشداری کـردووە لـە پێدانی مـۆرکێکی تایبـەت لـە بوارەکـانی لێکۆڵینـەوە لەزانـستە کۆمەڵایەتییـەکان لەمیانەی تەرکیزکردنی لەسـەر ڕەگـەزی بــەردەوام بــوون‌و پــشت بەســتنی ئــاڵوگۆڕکراو لــەنێوان بەشــەکانی دیاردەکە, لەگەڵ ئـەوەدا بونیادگـەری لـە ڕەهەنــدە قووڵــەکانی خواســتێکی بەرهەڵستکاری مێژوویی پێـك دەهێنێت لــە چوارچـێوەی ڕەوتــە پارێزگارەکـان پۆلێن دەکرێت, بـەڵام بەشـداری کـردووە لە خستنە ناوەوەی شێوازی شـیکردنەوە بۆ واقع کە ڕێگاچـارەیەکی مـام ناوەنـدی دروســت دەکــات لــەنێوان باڵادەســتی ئایدیۆلۆژیا یان تیۆری پوخت لە لایەك‌و خواســتی ئــەزموونی لەلایــەکی تــرەوە. بونیادگـــەری قایـــل ناکرێـــت بـــە وەسفکردنی گوزارشتە دەرەکییـەکان بـۆ شـوێنی لێکۆڵینــەوە بــەڵکو تێدەکۆشـێ ڕۆچوونە نـاو قـوڵایی دیاردەکەو زانینـی بونیادەکـــانی نـــاوەوەی, و پەیوەنـــدی دەرەوەی بە ناوەوەی.

بەندی یەکەم:

## بنچینەو ڕوانگەکانی میتۆدی وەزیفی

دەشـێ سـەرەتای دەرکـەوتنی ئاراسـتەی وەزیفی لـە توێژینـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بگەڕێنرێتــەوە بــۆ کارەکــانی پێــشەنگە یەکەمینـــەکانی زانـــستی کۆمەڵناســـی بەتایبەتی دانراوەکانی دورکهایم, ئەمەی دوایــی لــە کتێبەکــەی (بنــچینەکانی میتۆدی کۆمەڵایـەتی) 1898, تەئکیـدی کردۆتەوە لەسەر پێویستی شـیکردنەوەی وەزیفــەی دامــەزراوەکان‌و مومارەســە کۆمەڵایەتییـەکان, بـەڵام ئـەم ئاراسـتەیە وەك میتــۆد بنــچینەو بنــەمای خــۆی هەیە, کە لە سـییەکانی سـەدەی رابـردوو دەرکـــەوت لەســـەر دەســـتی

ئەپنۆلۆجییەکانی وەك: (مالینوفسکیو رادکلیف- براون) پاشان گواسترایەوە بۆ هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکان, کلیف براون بەوە پێناسەی وەزیفەی کردووە: ((وەزیفە هەموو کارێکی دووبارەکراوەیە وەك سزای تاوان, یان ئاهەنگی ماتەمینی, کە خۆی لەو رۆڵە دەبینێتەوە کە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێ, هەروەها بەشداری کردنی لە دەستەبەری بونیادە کۆمەڵایەتییەکان دەشێ هۆکاری بەکارهێنانی زاراوەی وەزیفە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە بایولوجیا مومارەسەی کردووە لەسەر زانایانی کۆمەڵناسی, هەندێ لەزانایانی کۆمەڵناسی هاوشێوەیەکی ئەندامییان کردووە لەنێوان جەستەی زیندووو کۆمەڵگا, لەسەرووی ئەمانە سینسر کە لە بیولوجیای خواست جیاکاری بکات لەنێوان بونیادو وەزیفە, کۆمەڵگا وەك کائینێکی زیندوو بەدوای هاوسەنگی دەگەڕێت هەتا لەچوارچێوەی ئەو پێشکەوتنە بەردەوامەی کە رووبەرووی دەبێتەوە, جیۆلۆجیا لەسەر ئەو بنەمایە کە کائینێکی ئەندامیە نوێنەرایەتی سیستەمێك دەکات کە پێك دێت لە ئەند بە شێك کە پە یوەنجی وەزیفیان لە نێواندا هەیە. لە چوارچێوەی پشت بەستنی ئالۆگۆرکراو. زانایانی کۆمەڵناسی و سیاسەت چەمکی وەزیفەیان لەسەر گروپو کۆمەڵەکان جێبەجێکردوە, بایۆلۆجیەکان لە سەر کائینی زیندوو جێبەجێیان کردووە, بەم شێوەیە وەزیفیەکان لە زانستە کۆمەڵایەتیەکان, سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان بە هاوشێوەی کایەی زیندوو دادەنێن. دەکرێ پۆڵێن بکرێت لە ژێر تیشکی ئەو وەزیفە سەرەکیانەی کە ئەنجامی دەدات, سیستەمە ئابووریەکان وەزیفەی بەرهەمهێنانو دابەش کردن بۆ تێرکردنی پێداویستیە مادییە بە کاربەرەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدەن, خێزان وەزیفەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو پاراستنی جۆری بەشەریو رێکخستنی مومارەسە جنسیەکان ئەنجام دەدات.

سیستەمی سیاسی وەزیفەکەی پاراستنی هاوڵاتیانە لەناوەو دەرەوە, سیستەمە ئاینیەکان وەزیفەیان پەیوەندیو پەیوەستی کۆمەڵایەتیە. ئەم وەزیفە کۆمەڵایەتیانە پێویستیان بە میکانیزمێك هەیە کە کۆمەڵگا بتوانێت لە رێگای ئەوەوە وەزیفەکانی ئەنجام بداتو راڤەی ئەو رێگایە بکات کە کۆمەڵگا کاری پێ دەکاتو پارێزگاری لە بەردەوامی مانەوەی دەکات. ئەك میکانیزمە ئالۆگۆڕیە, واتا پشت بەستنی ئالۆگۆڕکراو, کە پرۆسەی رێککەوتنو هاوسەنگیو بەشداریە لە بەهاو مانا, خەڵك تاوەکو گونجانو سازان

بهێنێتەدی, ئەوا خۆیان لە هەڵویچستی كۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕكراو دەبیننەوە هەروەك لە پێشدا باس كرا. وەزیفە بە زۆری پشت دەبەستێت بە بونیادگەری هەندێ بە گوتەكانی وەردەگرێت, بەڵام بە گشتی لەگەڵیدا هاوتا نییە, وەزیفە زۆر واقیعیە, چونكە زیاتر گرنگی دەدات بە وەزیفە لەوەی گرنگی بدات بە قووڵبوونەوەو بۆچوون لە پشت بونیادە دیارەكان یان نادیارەكان لە چوارچێوەی تیۆری سۆسیۆلۆجی وەزیفی, واتە سیستەمی كۆمەڵایەتی كە نوێنەرایەتی سیستەمێكی حەقیقی دەكات. تیایدا بەشەكانی وەزیفەی بنەڕەتی بەجێ دەگەیەنن بۆ تەئكیدكردنو چەسپاندنی, هەندێك جار بوارەكانی فراوانو بەهێز دەبێت. پاشان ئەم بەشانە دەبنە پاڵپشتو تەواوكەر لەسەر شێوەیەك, ئەوەیە كە تیماشین دەڵێت بەڵام لەهەمان كاتدا دان بەوە دادەنێت كە هەردوو زاراوەی ((وڤیف))و ((وڤیفە)) دوو مانای جیاوازو لەیەك دووریان هەیە. هەمان شت دەبینین لەلای ریمۆن بودون, پاش ئەوەی ووتی كە شیكردنەوەی وەزیفەكان لە فكرەیەكی ساردەوە دێت كە ناوەڕۆكەكەی ئەوەیە باشترین رێگا بۆ راڤەكردنی دیاردەو دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان, ئاگاداربوونە لەو وەزیفانەی كە پێی هەڵدەستێ لەناو كۆمەڵگا. وەزیفەكانی پۆش رەوت پۆلێن دەكات:-

یەكەم: ناوی ناوەوە وەزیفە رەهاكان, كە لە ماناكەیدا هاوتای وەزیفە ناسراوەكانە لە زانستی وەزیفەكانی ئەندامان.

دووەم: مرتون سەركردایەتی دەكات كە وەزیفەكانی دەروونیو كۆمەڵایەتیە, بەو ئیعتیبارەی ئەم وەزیفانە ((هەنگاوێك كە ئارەزوو وروژێنیەكانی پێ ڕوون دەكاتەوە لەناو كۆمەڵگە جیاوازەكانو بەشە كۆمەڵایەتیەكان, لەڕێگای بونیادی كۆمەڵایەتی تایبەت)) پێكدەهێنێت.

بەڵام ڕەوتی سێیەم بارسۆن نوێنەرایەتی دەكاتو ناوی ناوە بونیادگەری- وەزیفەگەرایی.

ئاراستەی وەزیفی پشت بە شەش فكری سەرەكی دەبەستێت.

1- مامەڵە لەگەڵ شت دەكات- كائینی زیندوو یان كۆمەڵایەتی, كۆمەڵ, رێكخستنی دامەزراوە...هتد, وەك سیستەمێك, ئەم سیستەمە لە ژمارەیەك بەشی پەیوەست بەیەكەوە پێك دێت.

2- هەموو سیستەمێك پێداویستی سەرەكی هەیە دەبێت دابین بكرێت.

3- سیستم لە حاڵەتی هاوسەنگی, ئەم هاوسەنگیە دێتەدی بە دابینكردنی پێداویستیەكانی بەشەكانی.

4- بەشەكانی سیستەمەكە رەنگە وەزیفی بێت, كە بە هاوسەنگی سیستەمەكە بەشداری دەكات, یان رەنگە

زیان بە سیستەمەکە بگەیەنێت, واتا هاوسەنگیەکە لاوازدەکات, ڕەنگە ناوەزیفی بێت واتە سەنگی نەبێت بە نسبەت سیستەم.

5- لە ڕێگای گۆڕانەکان یان ئەلتەرناتیڤەکان پێداویستیەکانی سیستەم دێتە دی.

6- یەکبوونی شیکردنەوەکان بە نسبەت وەزیفە چالاکیەکانە یان نموونە دووبارەکراوەکانە.

ئەمە مانای وایە کە شیکردنەوەی وەزیفی تێدەکۆشێ بۆ دەرخستنی چۆنیەتی هاوبەشکردنی بەشەکانی سیستەمەکە لە هێنانەدی سیستەمەکە بە گشتی بۆ بەردەوامبوونی یان زیان گەیاندن بەم بەردەوام بوونە.

لێرەدا باس لە شیکردنەوەی وەزیفی دەکەین لە میانەی دوو زانا, کە بە پێشەنگی ئەم ئاراستەیە دادەنرێن, کە ئەوانیش (مالینوفسکیو میرتون)ن, بەبێ خۆتی ئاگاییکردنی نموونەکانی تر, یان ئەو زانایانەی کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە دەرکەوتنی ئەم ئاراستە شیکردنەوەیە.

### وەزیفەی ڕەها لە لای مالینوفسکی

ئەگەر سەرەتاکانی ئاراستەی وەزیفی دەشێ هەستی پێبکرێت لەهەندێ کتێبەکانی زانایانی کۆمەڵناسە پێشینەکان بەتایبەتی دورکهایم کە تەئکیدی کردۆتەوە بۆتێگەیشتنی دامەزراوەیەك لەسەرمان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروست بوونیو ئەو وەزیفەیەی کە لەکۆمەڵگا هەیەتی, فۆرمۆڵە بوونی ئەم ئاراستەیە دەرکەوتووە لەسەردەستی ئەنترۆبولۆژیەکانی وەك رادکلیف براونو رالف لنتۆنو مالینوفسکی, مالینوفسکی بەباوکی وەزیفی دادەنرێت, کە هاوبەشی کردووە لەپێشخستنی وەزیفی لەمیانەی توێژینەوەکانی بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان, مالینوفسکی یەکەم کەسە کە داوای بوونی قوتابخانەی وەزیفی کرد بۆ ئەوەی بووەستێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی خواستی پێشکەوتن کە لەسەردەمی ئەودا باوبووە, کە دەڵێ: ((تیۆری وەزیفی بەندی یەکەمی لێکۆڵینەوەی بوارىو شیکردنەوەی بەراورد کردنە بۆ دیاردەکان لە ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان)).

لە کتێبەکەی, ((تیۆری زانستی)) (1944) تەئکید لەسەر ئەو پەیوەستیە دەکاتەوە کە لەناو کۆمەڵگایەك هەیە لەنێوان ڕۆشنبیریەکەیو ژینگەی ماددی, پەیوەستیەکە بەبنچینەکانی شیکردنەوەی الوزیفی دادەنرێت کە پەیوەندی دروست دەکات لەنێوان سیستەمی پێودانگیو ژینگەی دیاری کراو بەو ئیعتیبارەی کۆمەڵێك زۆرلێکردنی جێگیرو گونجاوە کە

سیستەمی کاری تیادا دانراوە، مالینوفسکی وای دەبینێ کە هەموو رۆشنبیریەك پێویستە پەیڕەوی تایبەتمەندیەکانی بیۆلۆجی مرۆڤ بکەوێ وەك خۆراك پێدان و وەچەخستنەوە، ئەمەش لەمیانەی تێرکردنی پێداویستیەکان، ئەمە دەرفەتی سەقامگیری دەدات و کاردەکات لەسەر رێکخستنی گەشەپێدان و پێشکەوتن، وای دەبینێ دەستکەوتی رۆشنبیری دادەمەزرێنێ بەپاڵپشتی ئالی و راستەوخۆ بۆ فیسۆلۆجیای بەشەری دەشێ لەرووی وەزیفیەوە نێوان رۆشنبیریە جیاوازەکان پێکەوە ببەستین، وەك وەڵامەکانی ئابووری و یاسایی و فێرکردن و زانستی و ئاینی لەلایەك، پێداویستیەکانی بیولوجی لەلایەکیتر، ((راڤەکردنی وەزیفی هونەر و ئاسوودەکردن و یان مەراسیمە گشتیەکان دەکرێ بەشێوەی راستەوخۆ پەیوەست بکرێت بەڕەددانەوەی جەستەی کائینی ئەندامی بۆ ئیقاع یان دەنگ یان رەنگ یان هێل و پێکەوەبەستنەکانی، مالینۆفسکی رۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لەرۆشنبیری بەو ئیعتیبارەی گوزارشت لە پێویستی مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی بیولوجی مرۆڤ دەکات، یان بەواتایەکی تر رۆشنبیری لەو چالاکیانە دروست دەبێت کە لەبنەڕەتدا ئاراستەکراون بۆ تێرکردنی پێداویستیە بیولوجیە بنەرەتیەکان. کاتێ مالینۆفسکی رۆشنبیری شیدەکاتەوە ئەوا لەمیانەی ئەو وەزیفەیەی کە لە کۆمەڵگادا پێی هەڵدەستێت شی دەکاتەوە، واتا لەو بنەمایەی کە دەڵێ هەموو نمونەکانی رۆشنبیری و هەموو عارەتێك یان ئامانجێکی ماددی و هەموو فکرەیەك یان بیروباوەڕێك، بە وەزیفەیەکی زیندوو هەڵدەستێ و ئەرکێکی هەیە کە جێبەجێی دەکات و بەشێکی پێویست لەهەر سیستەمێك پێ دەهێنێ، ئەم وەزیفەیە ((کشتێنراوە)) یان ((رەهایە))، چونکە هەموو رەگەزێك لە سیستەم وەزیفەیەك ئەنجام دەدات بەرامبەر تەواوی سیستەمەکە، هەروەك هەموو سیستەمێك یەکەی وەزیفە پێك دەهێنێت واتا شیکردنەوەی وەزیفی لەچوارچێوەی بوونی شێوازێك یان سیستەمێکی گشتی دەبێت بەم شێوەیە تێبینی دەکەین کە مالینۆفسکی رۆشنبیری بە شیکردنەوەیەکی تەواوکارانە شیدەکاتەوە لەچوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵگا بەگشتی واتا شیکردنەوەیەکی بینائی- وەزیفی دەربارەی ئەمە دەڵێ: ((ئێمە شێوازێك لە شێوەکانی شیکردنەوە... وەزیفی و سیستەمی بەکاردەهێنین، ئەم دوو شێوازە وامان لێ دەکات کە پێناسەی رۆشنبیری هەموو بەشەکانی دەگرێتەوە لەنێوانیاندا سەربەخۆیی لەلایەك،

هەروەها سیستەمێکی هاوکار دروست دەکات لەلایەکی ترەوە, هەروەها کامل دەبێت بەپێی کۆمەڵێك بنەما وەك بەرهەم هێنانی جۆرو وەچەخستنەوە, بوونی ئەو شوێنەی کە هاوکاری تێدا دەکرێت, پسپۆری لەچالاكیەکان, بەکارهێنانی هێز لە رێکخستنی سیاسی. هەموو رۆشنبیری یەك کامڵ بوون و پشت بەستن بەخود دەهێنێتەدی لەژێر تیشکی توانایی لەسەر تێرکردنی تەواوی پێداویستییە بنەرەتیەکان.

هۆکارەکانیو کامل بوونی:

## وەزیفەی رێژەیی لەلای میرتون

میرتون پێناسەی وەزیفی دەکات بەوەی کە:

((ئەو ئەنجامانەیە یان ئەو شوێنەوارانەیە کە دەشێ تێبینی بکرێت, کە دەبێتە هۆی هێنانەدی گونجان و هاوسەنگی لەسیستەمێکی دیاریکراو, میرتون نموونەیەك یان چوارچێوەیکی تێروانینێکی رێکخەری بۆ وەزیفە پێشخست. بە ووردی کرۆکی شیکردنەوەی وەزیفیو ئیجرائاتو شێوازەکانی بەلگە هێنانەوە خستنەڕوو. لەلای میرتون وەزیفی ئاماژەی بابەتی هەیە کە دەشێ تێبینی بکرێت, نابێ لەنێوان ئەو ئامارانەیو ئەو ئامانجانە یان مەبەستانە یان پاڵنەرەکان تێکەڵی بکرێت, واتا چەمکی وەزیفە جیاوازە لە چەمکی رەتکردنەوە لەمیانەی جیاکاری (وەزیفەی ئاشکرا)و (وەزیفەی شاراوە) گەیشتە ئەمە. ئەو هۆکارانەی کەخەڵك پێشکەش دەکەن بۆ راڤەکردنی رەفتارەکانیان جیاوازە لەو ئەنجامانەی ئەم رەفتارە بەنسبەت سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو ئەنجامانەی دەشێ تێبینی بکرێت.

بۆ نموومە کەسێك سەیارەیەکی گرانبەها دەکرێت وەزیفەی ئاشکرای کڕینی ئەم سەیارەیە بەکارهێنانیەتی وەك ئامرازێکی گواستنەوە, بەڵام وەزیفەی شاراوەی دەرخستنی هەیبەت و پلەوپایەیە.

میرتۆن وای دەبینێ شیکردنەوەی وەزیفی لەسەر سێ گریمانەی سەرەکی دادەمەزرێ کە ئەمانەن:

1- رەگەزە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریەکان رەنگە وەزیفی بێت بەنسبەت کۆمەڵەیەکی دیاریکراو, ناوەزیفی بێت بەنسبەت کۆمەڵەکانی تر, لەرووی وەزیفیەوە زەرەرمەندبێت بەنسبەت کۆمەڵەکانی تر, واتا رێژەیی وەزیفی.

2- فرەیی وەزیفەکان بەنسبەت یەك رەگەز, هاوبەشی کردنی چەندین رەگەز لە هێنانەدی یەك وەزیفە. ئەوی ناوناوە (ئەلتەرناتیفی وەزیفی, واتا چوارجۆری ئەو هۆکارانەی پێداویستیەکان پڕدەکاتەوە.

3- پێویستە شیکردنەوەی وەزیفی یەکە کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکات کە

خزمەتی رەگەزە کرمەڵایەتیەکان یان رۆشنبیریەکان دەکات. هەندێ لە رەگەزەکان رەنگە خاوەن وەزیفەی جۆراوجۆر بن, رەنگە هەندێ لە ئەنجامەکانی لەرووی وەزیفیەوە زەرەرمەند بن.

میرتون میتۆدی شیکردنەوە وەزیفیەکەی لە تویژینەوە بەناوبانگەکەی بەکارهێناوە لە بینای کۆمەڵایەتیو ناپێودانگی وەزیفیەی جێبەجێ کردووە لە شیکردنەوەی سەرچاوە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریەکانی رەفتاری لادراو. ئامانجی لەمە دەرخستنی ئەو فشارانەی کە بینای کۆمەڵایەتی لەسەر کەسە دیاری کراوەکان مومارەسەی دەکات لە کۆمەڵگا بۆ مومارەسەکردنی رەفتاری نامیپالی لەم بوارەدا جیاوازی کردووە لەم بوارەدا لەنێوان دوو رەگەزی سەرەکی کە ناوی ناوە. بینای رۆشنبیری کۆمەڵگا, ئەو ئامانجانەی لەرووی رۆشنبیریەوە دیاری کراون لەلایەك, شێوازە سیستەمیەکان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە لەلایەکی ترەوە.

میرتون وای دەبینێ کە بینای کۆمەڵایەتی دەرفەتی جۆراوجۆر دەداتە کەسەکان بۆ مومارەسەکردنی شێوازەکانی کارو رەفتار کە ئامانجە سەرەکیەکەی هێنانەدی هاوسەنگیە, هەروەك ژمارەیەك سەرچاوەی بنیاتنان هەیە بۆ رەفتار بەشێوەیەکی نائاسایی ئەم سەرچاوانەی بنیاتنان وادەکات کە لادان ببێتە رەفتارێکی ئاسایی. لادان لێرەدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لادراوەکان پەککەوتەن یان نەخۆشی دەروونین- هەندێ جار بەم شێوەیە دەبن, بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم کەسانە مومارەسەی ئەو شتە دەکەن کە لەلایانەوە پێشبینی کراوە لەژێر سێبەری بارودۆخی بینائی دیاری کراوە.

بە ڕای ئەو ((جێبەجێ کردنی ئەوەی پێشبینی کراوە)) لووتکەی راڤەکردنی وەزیفەیە. هەروەك میرتون هەڵسا بەجێبەجێ کردنی شیکردنەوەی وەزیفی لە توێژینەوەی ماکینەی سیاسی ئەمریکی, ئەمەش لەکتێبەکەی (بنەماکانی تیۆریو میتۆدی سۆسیۆلۆجی 1963).

میتون دەپرسێ بۆچی حزبەکان زۆربەی جار (ماکیناتی سیاسەت) جیادەکاتەوە؟ میرتون تێبینی ئەوە دەکات ئەم ماکینانە هەڵدەستن بە وەزیفەی دیاریکراو کە ئەویش راکێشانی دەنگدەرانەی چینە میللییە, هەروەها پارێزگاری لێ کردنیان بەماددە کە دەوڵەت پێشکەشیان ناکات, واتا هەڵساوە بە راڤەکردنی بوونی ماکینە لەرێگای وەزیفەکەی. ئەویش وەڵام دانەوەی داوایەکە کە رەزامەندی لەسەر نەدراوە,

بەم شێوەیە دەبینین وەزیفە دادەمەزرێ لەسەر ئەم ئەرکانەی خوارەوە:

1- پێداویستیەکانی وەزیفەی گشتی دەشێ بە رێگای جیاواز پڕبکرێتەوە, بەگوێرەی جیاوازی کۆمەڵگاو جۆراوجۆری رۆشنبیریەکەی, هەروەها بەگوێرەی بارودۆخی هەموو کۆمەڵگایەك.

2- ئەو هەڵبژاردانەی بەخشراوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگا دیاری کراو دەبێت چونکە ملکەچە بۆ سروشتی تایبەتمەندیەکانی بیولوجی مرۆڤ.

3- مەدای ئەم ((هەڵبژاردانە)) لە کۆمەڵگایەکی دیاری کراو, پەیوەندی ئالوگۆرکراو لەنێو خودی ئیختیارەکاندا. دیاری دەکات, بۆ نموونە پەیوەندی پێشکەوتنی پیشەسازی بە پێشکەوتنی سیاسی یان پەیوەندی خێزانی.

هەروەك شیکردنەوەی وەزیفی پشت دەبەستێت بە ئیجرائاتی وەك:

1- ئەزموونی عەقلی هەندێ جار دەتوانین لەرووی عەقلیەوە بزانین کە چ روودەدات لە کۆمەڵگایەك, ئەگەر بنیاتنانی بەشی وەزیفەکەی جیبەجێ کردن یان نەیتوانی جێبەجێی کرد.

2- هەروەها میتۆدی بەراورد بەیەکێك لە ئیجرائاتەکانی شیکردنەوەی وەزیفی دادەنرێت. بەراورد کردنەکەیان لەسەر ئاستی چۆنایەتی دەبێت واتا بەراورد کردن لەنێوان دوو هەڵوێستی جیاوازی کۆمەڵایەتی بەسەیرکردنی بوونی خەسلەتێکی دیاری کراو یان بنیاتنانی جوزئی, یان بەراورد کردن لەسەر ئاستی چەندایەتیو نموونەکەی (سورکین)ە, کە هەڵ ساوە بەقیاس کردنی هونەری ئایینی لە هەردوو رۆشنبیری عەلمانیەتو رۆشنبیری ئایینی.

3- تێبینیو شیکردنەوەی ئەو ئاکامانەی کە لە تێکچوونو شلەژانی جیاواز لە کۆمەڵگا دەکەوێتەوە ئەم تێکچوونو شلەژانانە رەنگە هۆکارەکەی ناوخۆیی یان دەرەکی یان پێکەوە هەردووکیان بن, بۆ نموونە توێژینەوەی ئەو ئاکامانەی کە لەرووداوو جەنگەکان دەکەوێتەوە.

میرتون تاکە کەسێك نەبووە کە شیکردنەوەی زوەزیفی لە بابەتە سیاسیەکان بەکارهێناوە, بەڵکو ئیستونو غابرییل ئەلموندو تالکوت بارسونز بەکاریان هێناوە.

((ایستون)) تیۆرە سیاسیەکەی دامەزراندووە لەسەر فیکرە بۆ سیستەم کە بەنسبەت ئەو مانای ئەوەیە ژیانی سیاسی جەستەیەکە لەو کارتێکارییانەی خاوەن سنوری تایبەتە کە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان دەورەی داوەو

بەشێوەیەکی بەردەوام کاریگەری لێ دەکات.

وای دادەنێن کە سیستەمی سیاسی وەك (العلبە السودا) زۆر گرنگی بەوە نادات کەلەناو العلبە دا روودەدات, بەڵکو ئەمەی گرنگی پێ دەدات پەیوەندیەکانی سیستەمە لەگەڵ ژینگەکەی, ئەم ژینگە دوو جۆرە:

یەکەم: سیستەمەکانی تر کە پێکهێنەری سیستەمی رۆشنبیریو سیستەمی ئایینی...تد

دووەم: ژینگەی دەرەکی یان ناکۆمەڵایەتیەکان, وەك سیستەمی ژینگەیی, سیستەمی بیولوجی, سیستەمە دەروونیو سیستەمە نێو دەوڵەتیەکان.

ئیستون تەرکیز لەسەر گرنگی دان بە رەگەزو کاریگەرە ژینگەییەکان کە کار لەسیستەمی سیاسی دەکات..

یان کە ناو دەبرێت بە بە دەروازەکانو ئەو کاردانەوانەی لەسیستەم دەردەچێت پاش پێگەیشتنی ئەو کاریگەرانەی دەردەچێت شیکردنەوەی سیستەمی لەدیدی ئەو گرنگی دەدات بەم بازنە یەك لەدوای یەکە لەکارو کاردانەوەکان لەنێوان ژینگەو سیستەمی سیاسیو توانای سیستەم لەسەر پاراستنی هاوسەنگیو گونجان لەگەڵ ئەو کاریگەرە دەرەکیانەی بەدوایەوە دێن بۆ وەرگرتنیو گونجاندنی بەشێوەیەك کە زیان بەسیستەم نەگەیەنێت.

تاوەکو سیستەمەکە پارێزگاری لە هاوسەنگیەکەی بکات پێویستی بە هاوسەنگی هەیە لەنێوان دووجۆری دەروازەکان داواکاریو پاڵپشتی داواکان گرانایی دەخاتە ئەستۆی سیستەم ئەگەر لەسنور دەرچوو, وە داواکاری کرێکاران بەزیادکردنی کرێ, یان بەچاککردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی, لەم حالەتەدا لەسەر سیستەم پێویستە رازی بێت بەم داوایانە یان کەم کردنەوەی یان خۆبێئاگایی لێ کردنی, لەم پرۆسەیە پێویستی بە پاڵپشتیە, بۆ نموونە گوزارشتی هاوڵاتیان لە پاڵپشتی یان لەسیستەم لەهەر هەنگاوێك کە پێشکەشی دەکرێ بۆ رەددانەوەی داواکان, وە پشت بەستن بەداواو پاڵپشتیو هاوسەنگی نێوانیان کە دەرچوونەکان لە سیستەم دەردەکات, ئەمەیان تەشریعاتی نوێیە کە وەڵامی هەموو یان هەندێ داواکاریە, یان هەڵمەتی راگەیاندنە بۆ روون کردنەوەی نا شەرعیەتی داواکان یان زیادەرۆیی تیایدا, یان هەڵسان بەهەڵوێستی سەرکوت کردن وەك بەرەنگاری سەندیکاکانی کرێکاران یان هەڵوەشانەوەی پارتێك لە پارتەکان یان

قەدەغەكردنی خۆپیشاندان‌و مانگرتنەكان..تد

ئیستون وای دەبینێ كە هەموو سیستەمێك بەسێ وەزیفەی سەرەكی هەڵدەستن:

1- وەزیفەی گوزارشت كردن لەداواكان
2- وەزیفەی كۆنترۆل كردنی داواكان
3- وەزیفەی كەم كردنەوە یان تێكەڵ كردنی داواكان.

بەڵام غابرییل ئەلموند پێناسەی سیستەمی سیاسی دەكات بەوەی كە سیستەمێكە لەو كارێككاریانەی لە هەموو كۆمەڵگا سەربەخۆكاندا هەیە كە وەزیفەكانی كامل بوون‌و راسپاردن بەجێدەهێنن لەناو ئەم سیستەمانە وە لە ئاراستەی كۆمەڵگاكانیتر بە هۆكارەكانی تەوزیف كردن‌و هەرەشەكردن بەبەكارهێنانی هۆكارەكانی دامركاندنی شەرعی بەشێوەیەكی گەورە یان بچووك. لە كتێبەكەی كە لەگەڵ هاورێكەی (بوال) بلاوی كردەوە بەناونیشانی (سیاسەتەكانی بەراودكردن) سیستەمی سیاسی شیدەكاتەوە لەمیانەی سێ ئاست:

یەكەم تواناكان, لەسەر سیستەم پێویستە سەرەتا توانای هەبێت كە رێگا بدات بە رێكخستنی هەڵسوكەوتی تاكرەوی‌و كۆمەڵەكی لەرێگای ئەو پێوەرانەی كە رێككەوتنی لەسەركراوە, كە دەیگۆرێت بەبێ دژبەیەك بوونی ئەم هەڵسوكەوتانە تا ئاستێكی مەترسیدار, لەسەر سیستەم پێویستە كە توانای دووەمی هەبێ كە ئەویش توانای دەرهێنانە. رێگای پێ دەدات بە هێنانەدەری سەرچاوە پێویستییەكان لە ناوەندی ناوخۆیی یان دەرەكی. سەرچاوەی دارایی یان پاڵپشتی سیاسی یان ئەوەی (ئیستون) ناوی ناوە پاڵپشتەكان. بەڵام توانای سێیەم: توانای ((دابەش كردنە)) ئەویش تواناییەكە بەپێی ئەو سەرچاوانە دابەش دەكات كە لەنێوان تاكەكان‌و كۆمەڵەكان دەری هێناوە, بەڵام توانای كۆتایی, توانای ((وەڵام دانەوەیە)) ئەویش تواناییەكە كە دەتوانێ وەڵامی ژینگەی دەرەكی بداتەوە وە فشارەكانی تاوەكو پارێزگاری لەهاوسەنگیەكەی بكات.

دووەم: وەزیفەكانی گۆران, ئەلموند لەو هۆكارە جیاوازانە دەكۆڵێتەوە كە سیستەم بەكاریان دەهێنێت بۆ گۆرانی داواكاریەكان بۆ وەڵامەكان, دوو وەزیفە تەرح دەكات: وەزیفەیەك ئەو بەرژەوەندیانە ((جیادەكاتەوە)) كە گوزارشت كردن لە داواكاریەكان لەخۆ دەگرێت, وەزیفەیەك بەرژەوەندیەكان

کۆدەکاتەوە, بەو مانایەی هەڵدەستێ بە سادەکردنی بەرژەوەندیەکانو ڕێزکردنو هاوتاکردنی, سەرباری ئەمە ئەلموندو هاوڕێکەی باس لەوە دەکەن کە ناویان ناوە وەزیفەکانی حکومەت, کە ئەویش وەزیفەکانی گۆڕانە, وەك وەزیفەی تەشریعی کە ناویان ناوە وەزیفەی ئامادەکردنی بنچینەکان وەزیفەی جێبەجێکردن کە ناویان ناوە وەزیفەی جێبەجێکردنی بنچینەکان, وەزیفەی دادوەری ناویان ناوە وەزیفەی ڕێکخستنی وادەکان لەکۆتایدا وەزیفەی پەیوەندی کردن, جێبەجێ دەکرێت جا لەسەر پەیوەندی کردن لەنێوان فەرمانڕەوایانو میللەت یان لەنێوان ڕەگەز جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی.

سێیەم: بەڵام ئاستی سێیەم لەشیکردنەوەکە پەیوەستە بەو وەزیفانەی کە پارێزگاری لەسیستەمو گونجاندن دەکات, کە ئەمانە دەگرێتەوە: وەزیفەی هەڵبژاردنی سیاسی واتا شیاندنی خاوەن ڕۆڵە سیاسیەکانو هەڵبژاردنیان, پاشان وەزیفەی کۆمەڵگای سیاسیە, چونکە لەرێگای ئەمەی دوایی هەڵوێستە سیاسیەکان راگیراوە دەبێت, لێرەدا دەبینین سیستەمە سیاسیەکان تێدەکۆشن بەپێی توانا بۆ کۆنترۆل کردنی هۆکارەکانی پێگەیاندنی سیاسی تاوەکو پارێزگاری لە رۆشنبیری سیاسی بکات کە پاڵپشتی لێ دەکات.

لەوەزیفەوە بۆ شێواز

گرنگترین ئەو کەسانەی کە میتۆدی وەزیفی بەکارهێناوەو پێشی خستووە لەبواری توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بەگشتیو زانستی کۆمەڵناسی سیاسی بەتایبەتی (تالکوت بارسونز)ە کە بنچینەکانی شیکردنەوەی داناوەو شێوازەکانو سروشتی ئەو پەیوەندیەی کە سیستەمە لاوەکیەکان بەسیستەمی گشتی دەبەستێتەوە دیاری کردووە, بارسونز ئینتیمای بۆ ئاراستەی النیوی الوچیفی هەبوو پێش ئەوەی رەخنە لەم میتۆدە بگرێو پێشی بخات بۆ میتۆدی سیستەمی, لە پێشوودا ئاماژەمان بۆ کردووە, بارسونز تیۆرەکەی دەربارەی کاری کۆمەڵایەتی دامەزراندووە لە روانگەی چەمکە کۆمەڵایەتیەکەی, پێناسەی سیستەمی کۆمەڵایەتی کردووەو دەڵێ: ((سیستەمی کۆمەڵایەتی گوزاشتە لە فاعلین یان زیاتر هەریەکێ لەمانە ناوەندێك داگیردەکات, یان پێگەیەکی جیاواز لەوانی داگیردەکاتو رۆڵێکی جیاوازیش دەگێڕن. کە گوزارشتە لەشێوازێکی رێکخراو حوکمی پەیوەندیەکانی ئەندامان دەکات, هەروەها وەسفی ئەركو مافەکانی

هەندێ لەئەندامان بەرامبەر هەندێکی تری ئەندامان دەکات، چوارچێوەی پێودانگەکان یان بەها هاوبەشەکان سەرباری شێوازە جیاوازەکان لە رەمزو بابەتە رۆشنبیریە جیاوازەکان)).

### شیکردنەوەی سیستەمی لەلای بارسونز

لەسەر چوار چەمکی بنەرەتی بنیات دەنرێت

1- کاری کۆمەڵاتی
2- هەڵوێست
3- بکەر
4- ئاراستەکانی بکەر

بابەتی سەرەکی کە تیۆری سۆسیۆلۆجی لەلای بارسونر لەدەوری دەخولێتەوە برتییە لە ((بەجێگەیاندنی بنیاتەکان بۆ وەزیفەکەی شیکردنەوەی سیستەمی پێویستی بە چارەسەر کردنێکی میتۆدیـیە بۆ پێگەو رۆڵی چالاك کاران ئەوانەی هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو وە هەروەها بۆ ئەو شێوازە رێکخستنانەی کە ئەم هەڵوێستە لەخۆ دەگرێ، چەمکی پێگەو پایە ئاماژە دەکات بۆ پێگەو شوێنی بکەر لە شێوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کە وەك بنیاتنان سەیری دەکرێ رۆل ئاماژە بۆ رەفتاری بکەر لەپەیوەندیەکەی لەگەڵ کەسانی تر دەکات ئەگەر سەیری ئەو رەفتارەمان کرد لەسیاقی ئەو گرنگیە وەزیفیەی هەیەتی بۆ شێوازی کۆمەلایەتیو پێگەیشتنی شێوازەکانی رێکخستن بەوەی کە پێشبینی کراوی رێکخراوە (یان خاوەن بنیاتنانی دیاریکراوە) کگە ئەو رەفتارە شیاوە لەرووی رۆشنبیریەوە بۆ کەسەکان دیاری دەکات ئەوانەی رۆڵی جیاوازی کۆمەڵایەتی دەگێرن، کۆمەڵێك شێوازی رۆن کە پشت بە هەندێکیان دەبەستێت، هەرئەوە سیستەم پێکدوهێنێت، بارسونز وای دەبینێ کە پێگەیشتنو پەرێ بردنی شێوازی کاری کۆمەڵایەتی پێویستی بەرەچاوکردنی دوو تێبینی بنەرەتی هەیە:

1- سیستەمی کار پێنج سیستەمی لاوەکی دەگرێتەوە کە بریتین لە: سیستەمی ئەندامی بیۆلۆجی کە کۆگای غەریزی پێکدەهێنێ. سەرچاوەی سەرەکی سیستەمی کاری پاڵنەر دەیانگرێتەخۆ پێداویستیەکانی کە پێویستە پڕبکرێتەوە، پاشان سیستەمی پاش سروشت کە سەرچاوەی بنەرەتیـیە بۆ کۆمەڵێك بەهای کۆتایی کە رۆڵی ئاراستە سەرەکیەکان دەگێرێت بۆ سیستەمی رۆشنبیریو بەها، پاشان سیستەمی کۆمەڵایەتیو سیستەمی کەسێتی، زۆربەی جار سیستەمی

ئەندامی لەسیستەمی کەسێتی تێکەڵ دەکرێت، سیستەمی سەرووی سروشت لە سیستەمی رۆشنبیریو بەها، کە بۆ سێ شێواز کەم دەکرێتەوە.

2- سەرەڕای پاڵپشتی بنیاتنانو وەزیفی لە نێوان ئەم سێ شێوازە لە هێنانەدی کاری کۆمەڵایەتی، ناکرێ هەر شێوازێك لەمانە بگەڕێنرێتەوە بۆ یەکێکی تر بەڵام دەتوانرێ بۆ شێوازی کار بەگشتی، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی کرلێکی ناوخۆیی بۆ هەریەك بۆ هەریەك لەم شێوازە لاوەکییانە یان بەجێهێنانە وەزیفیەکەی لەچوارچێوەی کاری کۆمەڵایەتی، وە پێویستی بەدیاری کردنی رەگەزە سەرەکیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیە، بەسەیرکردنی ئەم دوو لایەنە دەکرێ تێی بگەین: لایەنی بینائی، سروشتی ئەو سێ سیستەمەی کە پێکهێنەری سیستەمی کاری کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو، لایەنی دینامیکی، سروشتی بەجێگەیاندنی وەزیفی هەموو سیستەمێکی لاوەکی لە چوارچێوەی سیستەمی گشتی کاری کۆمەڵایەتی دەخەینەڕوو.

بارسونز تەئکید لەوە دەکاتەوە کەئەو پەیوەندی ناوخۆییانەی نێوان ئەم سیستەمە لاوەکیانە ئاڵۆزە، کە دەشێ هەر یەکێ لەم سیستەمانە بەسەربەخۆ دابنرێت لە سیستەمەکانی تر، بەو ئیعتیبارەی سەیرکردنی بەشێوەیەکی شیکاری کە جیاکراوەتەوە لەرووی تایبەتمەندیو چالاکیەکانی لە سیستەمەکانی تر، بەڵام سەرەڕای ئەمە، عادەتەن ئەم سیستەمانە تێکەڵن کە هەریەکێ لەمانە پشت دەبەستێت بە پێداویستیە وەزیفیەکان لەسەر شێوازەکانی تر، لەبەرامبەر ئەمەدا پاڵپشتی هەردووکیان دەکاتو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، سیستەمی کەسێتی ناشێ هەبێ بەبێ کاتینی ئەندامانی کە تەیاری دەکات وبە ووزەی پاڵنەر، هەروەها بەبێ تۆڕی پەیوەندیە تێکەڵەکان لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی یان لەگەڵ رەمزەکانی سیستەمی رۆشنبیری ئەوەی پاڵپشتی دەکات بەو راگەیاندنەی حوکمی کارلێکەکەی دەکات لەگەڵ هێتر بەهەمان شێوە، پاڵنەری کەسێتی گرنگە بە نسبەت سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تەواوو رەها هەروەك گرنگی رەمزەکانی سیستەمی رۆشنبیریو بەشداریە پێودانگیەکان ئەمە لەتەك سیستەمی رۆشنبیری بوونی لەهەریەك لە سیستەمی کەسێتی،و تۆڕی کارلێك کردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەدی. تاوەکو سیستەم پارێزگاری لەمانەوەی خۆی

بکات لە ئاستێکی مەعقول لەچالاکیو هاوسەنگی پێویستە لەسەری وەڵامی دوو جۆر لە پێداویستیو کێشەکان بداتەوە، واتا بە شاراوەیی توانای هەبێ لە ڕێکخستنی چالاکی پێویستیو پاڵنانی بە ئاراستەی تێرکردنو پڕکردنەوەی پێداویستیەکان، تاوەکو ئەمە دەبێتە سیستەمی کار کە کۆمەڵێك لە چالاکیو وەزیفەکان کە هەندێکیان پەیوەندی هەیە بە پەوەندیەکانی سیستەم بە ژینگەکەی لەکاتێکدا هەندێکی تر پەیوەندی هەیە بە پێداویستی ڕێکخستن بۆ بیناکردنی ناوخۆیی.

هەروەك دەشێ نزیك بینەوە لە وەزیفەکانی کار لە دیدی بارسونز لەمیانەی جیاوازی کردن لەنێوان ئامانجەکانی کار لەلایەك، لەنێوان ئەو هۆکارانەی کە بۆی دابین کراوە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە لەلایەکیتر. بارسونز وای دەبینێ کە چوار وەزیفەی بنەڕەتی هەیە کە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی پێویستە پەیڕەویان بکات، کە ئەمانەن:

1- گونجان، کۆمەڵێك یەکەی کار کە کاردەکات لەسەر دامەزراندنی پەیوەندیەکان لەنێوان سیستەمو ژینگە بە بەدەست هێنانی سەرچاوە جیاوازەکان کە سیستەمێك لە سیستەمەکان پێویستی پێیەتی کە ژینگەکەی دروست دەکات،و ئالوگۆڕکردنی بە بەرهەم هێنان کە لەناو خودی سیستەم دێتەدی، پاشان ڕێزکردن یان گۆڕینی یان ئامادەکردنی ئەم سەرچاوانە بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی سیستەم.

2- بەڵام وەزیفەی دووەمی سیستەمی کار بریتیە لە هێنانەدی ئامانج، ئەم وەزیفەیە هەموو ئەو کارانە لەخۆدەگرێت کە یارمەتی هێنانەدی ئامانجەکانی سیستەم دەدات یان ئەوەی کاردەکات لەسەر ئامادەکردنی سەرچاوەو کۆششەکان بۆ هێنانە دی ئامانجەکان یان پڕکردنەوەی پێداویستیەکان، گرانایی بەجێ گەیاندنی وەزیفی دەکەوێتە سەر شێوازەکانی کەسێتی کە پەیوەستە بە هێنانەدی ئامانج لەناوشێوازی کەسێتیو لەمیانەیدا ئامانجەکان دیاری دەکرێتو ووزەو سەرچاوەکان ئامادە دەکرێن بۆ هێنانەدی ئامانجە ئارەزوومەندەکان.

3- وەزیفەی سێیەم بریتیە لە هێنانەدی تەواوکاری، ئەمە ئامانجێکە کاردەکات لەسەر دەستەبەری سەقامگیری لەناو سیستەم، هەروەها ئەم کارانە دەگرێتەوە کە کاردەکەن لەسەر پاراستنی سیستەم دژی گۆڕانە کتوپڕو شلەژانە

بنەڕەتیەكان, بە جۆرێك كە پارێزگاری لە یەكگرتوویی‌و هاوكاری پێویست بكات بۆ مانەوەی سیستەم لە حالەتێكی بەجێ گەیاندنی وەزیفی گونجاو, سیستەمی كۆمەڵایەتی گونجاو بەبەرسیار دادەنرێت لە بەجێ گەیاندنی وەزیفەی كامل بوونی كە هەر تەئكید لە هاوكاری دەكاتەوەو وەلاو دادەمەزرێنێت‌و سنورە رێپێدراوەكانی كردار دیاری دەكات‌و فشارو ئاستەنگ دەسەپێنێ لەبەردەم هەر لادانێك لە پێداویستیەكانی سیستەم.

4- وەزیفەی چوارەم پاراستنی شێوازە، بارسونز وای دەبینێ كە سیستەمی كار پێویستی بە كۆمەڵێك كردار هەیە كە بكەران ئامادە بكات بە پاڵنەری پێویست ئەم وەزیفەیە گرنگی دەدات بە خەزن كردنی پاڵنەر یان ووزەو كەڵەكە كردنی پاشان دووبارە دابەش كردنەوەی لەشێوەی پاڵنەر ئەمانە هۆكارن كە بارسونز ناوی ناون بە پەنهان بوون یان پاراستنی شێوازە.

پاڵنەری بنەڕەتی بارسونز كە لەپشت تەبەنی كردنی شیكردنەوەی سیستەمیە بۆ تویژینەوەی واقعی كۆمەڵایەتی، بایەخ دانیەتی بە كێشەی سیستەم‌و سەقامگیری‌و گەڕان بەدوای ئەو فاكتەرانەی كە بینای فعل والتفاعل الاجتماعی دادەمەزرێنێ‌و پاڵی پێوە دەنێت بۆ بەردەوام بوون لە حاڵەتی سەقامگیری رێژەیی, گرنگی دانی بارسونز بە سیستەم سەقامگیری پاڵی بە رەخنەگرەكانی نا كە هێرشی بكەنە سەری‌و تاوانباری بكەن بە پارێزگاری كردن‌و گرنگی دان بە پاراستنی ئەو حاڵەتەی كە هەیە بەهەر شێوەیەك بێت, هەروەها پۆلێن كردنی بارسونز, وەك دوژمنی شۆرش‌و گۆڕان.

پوختەی قسان, شیكردنەوەی وەزیفی بەشێوە تەقلیدیەكەی, یان شیكردنەوەی سیستەمی كە وای دادەنێین پێشكەوتنی شیكردنەوەی وەزیفیە, لەو میتۆدانە دایە كە گونجاوە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ زانستی كۆمەڵناسی سیاسی‌و دەلالەتە قوڵەكانی, چونكە مامەڵە لەگەڵ دیاردە سیاسیەكان دەكات بەو ئیعتیبارەی چەند بەشێكە لە سیستەمی گشتی‌و كاریگەری ئاڵوگۆڕكراو پاڵپشتی لەگەڵ پێكهاتەكانی ئاڵوگۆڕەكان. تێبینیمان كردووە لەمیانەی پێشەوایانی ئەم میتۆدە كە سوورن لەسەر پێكەوە بەستنی نێوان سیستەمی سیاسی‌و ژینگەی دەوروبەر, هەروەها ئەوەی سیستەم پێی هەڵدەستێ لە وەزیفەكانی گونجاو‌و بەكارهێنان‌و دابەش كردن بەشێوەیەك پارێزگاری لە

هاوسەنگیەکەی بکاتو بیگۆڕێت بەبێ ئەوەی هاوسەنگیەکە تێکبدات بەهۆی ئەو فشارەی کە لەلایەن دەوروبەرەکەی لەسەری دەکرێ, هەروەك ئەم میتۆدە رۆڵی فاکتەرە کۆمەڵایەتیەکانمان لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیو دیاری کردنی رەوشی سیستەمی سیاسی بۆ روون دەکاتەوە, پەیوەندی نێوان هەردوو ملکەچە بۆ خولی سیبرنیتقیە ناکرێ بە سیستەمی سیاسی بگەی مەگەر لەمیانەی ئەم خولەدا لەم بوارەدا دەبێ ئاماژە بە رۆڵی زانایانی ئەمریکی بکەین لە دانانی بنچینەکانی ئەم میتۆدە, ئەمانە کاریگەر بوون بە سروشتی کۆمەڵگای ئەمریکی کەلە چەندین ویلایەتی یەکگرتوو پێك هاتووە, هەر ویلایەتێك تێکەڵە لە رەگەزو رەنگو ئاینزاکان, سیستەمی ئەمریکی پارێزگاری لە هاوسەنگیەکەی دەکات بەهۆی پەیوەندی هاوکاریو گونجان, لەنێوان ویلایەتەکان یان لەنێوان رەگەزو نەژادەکان. پاراستنی سیستەم لەسەر هاوسەنگییەکەیو بوونی مانای ئئەوە ناگەیەنێ پشێویو تێکچوون رووی نەداوە بەڵکو ئەوەی گرنگە توانایی سیستەمەکە نوێنەرایەتی ئەم پشێویە بکاتو وەری بگرێت, ئەمە تێڕوانینێکە هەتا گەورە پیاوانی سیاسی ئەمریکی پێیان گرتووە, بۆ نموونە راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی بریجینسکی دەڵێ: لە پێناوی سیستەم تاوانی رێکخراو بەشێوەیکی گشتی باشترە لە توندوتیژی نارێکخراو, بەمە تاوانی رێکخراو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆو نارەسمی دەبێتە درێژکراوەی سیستەم. چەمکی سیستەم واتای هاوسەنگیو گونجانی تەواو ناگەیەنێت بەڵکو کارلێك کاریو ئاڵوگۆڕی هەڵوێستو پێگەو ململانێ دەگەیەنێت دەربارەی ئەمە ((هربت سبیرو)) دەڵێ: ((سیستەمی سیاسی دەشێ هەبێت کاتێ خەڵك دەژیت بۆ ئەوەی هاوکاریو ململانێ بکەین لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشە هاوبەشەکان)).

سەرچاوە: علم الاجتماع السياسي
ابراهيم ابراش